هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان...



٤

پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری...



٥

هەڵاواردن لە نێوان سمبۆلەکانی...



٨

پێوەندیی ئێران و ئامریکا



١٠

"مامۆستا" لە سیستمێکی...




١١

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ ڕێبەرانی سیاسیی جیهان ⟸ ٢

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پارلمانی هەرێمی کوردستان ⟸ ٢

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر تەقینەوەی شاری هەولێر ⟸ ٢

ژمارە ٦١٤، دووشەممە، ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٢، ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### دووهەمین جامی ژەهر

پێوەندیی تەلەفۆنیی نێوان حەسەنی ڕووحانی و باراك ئۆباما، تەلیسمی دیالۆگی ڕاستەوخۆی نێوان سەرکردە پلەبەرزەکانی هەردوو لایەنی دوای ٣٥ ساڵ وتنەوەی دروشمی "بمرێ ئامریکا" شکاند. چاودێران و بڕیاردەرە سیاسییە دەرەکییەکان هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری حەسەنی ڕووحانییەوە لە ئێران چاوەڕوانی هەنگاوێکی بەرچاو لە لایەن ناوبراوەوە بۆ سەلماندنی جیدی بوونی لە سیاسەتی لابردنی ئاڵۆزی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون کە ڕووحانی بانگەشەی بۆ دەکرد. بەڵام کەمتر چاوەڕوانیی ئەوە دەکرا کە یەکەم هەنگاوی ئاشکرای ئەو سیاسەتە، قسەکردنی ڕاستەوخۆ لەو ئاستە دیپلۆماتیك و سیاسییەدا بێ.

٣٥ ساڵە کەمتر ڕۆژێك بووە کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی بە دروشمی دژی ئامریکایی ڕۆژیان دەست پێنەکردبێ. کەم نەبوون ئەو جارانەش کە واشنگتۆن هەڕەشەی کردووە هەنگاوی بەکردەوەی "جیدی" لە بەرامبەر سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەڵبگرێ و ئەوە چەند ساڵێکیشە هەڕەشەی وەشاندنی گورزی سەربازیی لە ئەگەری پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئاستی سنووردار بەدەری وەکوو شمشێری دامۆکلس لەسەر سەری ئێران ڕاگرتووە. بۆیە چاوەڕوان ناکرێ ئەو دیوارە ئەستوورەی دڕدۆنگی و دژایەتییە کە لە نێوان ئێران و ئامریکادا دروست بووە، بە کورتە "ئەلۆ"یەك لە نێوان سەرۆك کۆمارەکاندا بڕووخێ.

بۆ گەلانی ئێران، نە دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئامریکا هیچ مانا و بنەمایەکی هەبووە و نە دەستپێکی هەوڵدان بۆ لابردنی ئەو ئاڵۆزییە دەتوانێ ڕاستەوخۆ خێر و خۆشیەك لەگەڵ خۆی بێنێ، چونکە بابەتی سەرەکیی جێگای ناکۆکی نێوان ئێران و ئامریکا پرۆژەی ناوکیی ئێرانە کە بۆ بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران بابەتێکی نامۆیە.

بۆ گەلانی ئێران، بابەتی مافی مرۆڤ، کۆتاییهێنان بە کوشتوبڕ و ئێعدام، مافی بەشداربوون لە ڕەوتی بڕیاردانی سیاسیدا، ئازادی، دابەشکردنی داهات و دەسەڵات، دوورەپەرێزی لە توندوتیژی، ئاوەدانیی وڵات، پێکهێنانی دەرفەتی یەکسانی کار و ژیان، باشترکردنی ئاستی ژیان، کۆتایی هێنان بە زێدەڕۆییە دەرەوەییەکان و لابردنی هەڵاواردنی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و سیاسی گرینگترین داخوازین. هیچکام لەو داخوازییانە بابەتی ناکۆکیی نێوان ئێران و ئامریکا نەبوون و نین و لە پێوەندیی نێوان ئۆباما و ڕووحانیدا باسیان لێوە نەکراوە.

سەرەڕای ئەوەش، ئەو پێوەندییە لەسەر داهاتووی ڕێژیم و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو بێئەنجام نابێ. وا پێدەچێ کە ڕووحانی یەکەم سەرۆك کۆماری ڕێژیم بێ کە مەترسیی لەنێوچوونی دەسەڵاتەکەی لە ئاکامی زێدەڕۆییەکانی هەتا ئێستای کۆماری ئیسلامیدا هەست پێکردووە و وادیارە خامنەییشی ڕازی کردبێ کە بۆ ڕزگاربوون لە لەنێوچوون، دەست بۆ جامێکی نوێی ژەهر بەرێ و بەرماوی ئەو ژەهرەی خومەینی خواردییەوە بەسەریدا بکا.

# تیرۆری میکۆنووس و شوێن پێی حەسەن ڕووحانی




سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە تاوانێك دەزانێ کە حەسەن ڕووحانی ناتوانێ ئاگای لی نەبووبێ.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ئاڵمان، ناوبراو بە هێماکردن بۆ پێشینەی حەسەن ڕووحانی لە ئەنجومەنی باڵای تەناهیی نەتەوەیی ئێران وتی: لە سەردەمی سەرۆکایەتی ڕووحانیدا کارەساتگەلێکی وەك تیرۆری دژبەران لە ڕێستورانتی میکۆنووسی بێرلین و تەقینەوە لە ناوەندی جوولەکەکانی بۆینس‌ئایرس ڕووی داوە و ناتوانرێ چاوەڕوان بکرێت کە ڕووحانی بێ ئاگا بووبێ لەم ڕووداوانە.

بێنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل کە ڕۆژی سێشەممە (٩ی ڕەزبەر، ١ی ئۆکتۆبر) دوایین ئاخێوەری شەستوهەشتەمین کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، لە قسەکانی خۆیدا هێرشێکی توندی کردە سەر ڕوانگەی بەڕواڵەت ئاشتیخوازانەی حەسەن ڕووحانی لە قەیرانی ناوکی ئەو وڵاتەدا و جارێکی دیکە ڕووحانی بە گورگێك لە پێستی مەڕدا شوبهاند کە ئامانجێکی جگە لە "فریوی کۆمەڵگای جیهانی بە سیاسەتی بزە" نییە.

سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل دیسان خوازیاری درێژەدانی گەمارۆکان و گوشار بۆ سەر ئێران بوو. بە وتەی ناوبراو هەڕەشەی سەربازی بۆ سەر ئێران دەبێ بەردەوام بێ، چون ئاوێتەی ئەم هەڕەشانە لەگەڵ گەمارۆکان، تەنیا ڕێگەیەکە کە ئێران ناچار دەکات واز لە ئامانجەکانی بێنێ.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ڕۆیتێرز، جێی کارنی، وتەبێژی کۆشکی سپی لە دژکردەوە بە قسەکانی ناتانیاهۆ وتی: "نیگەرانی و دڵەڕاوکێکانی ناوبراو هەست پێدەکرێ. بە هەر شێوە ئێران وڵاتێکە کە ڕێبەرانی تا ئەم دواییانەش باسیان لە سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی دەکرد."

## ئۆباما: ئێران یەک ساڵ تا بۆمبی ناوکی مەودای هەیە

باراك ئۆباما، سەرکۆماری ئامریکا دەڵێ بەپێی بەراوردەکانی ڕێکخراوە زانیارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئێران تا چێکردنی چەکی ناوکی یەك ساڵ یا هەندێ زیاتر مەودای هەیە. ئەمەش لەگەڵ زانیارییەکانی ئیسرائیلدا تا ڕادەیەك جیاوازیی هەیە.

ئۆباما لە وتووێژی ڕۆژی شەممە ١٣ی ڕەزبەر لەگەڵ ئاسۆشەیتدپرێس وتی کە هەڵسەنگاندنەکانی ئێمە لەمەڕ پێشکەوتنە ناوکییەکانی ئێران "ئەگەری هەیە تا ڕادەیەك پارێزکارانەتر بێت لە هەڵسەنگاندنی ئیسرائیلییەکان."

سەرکۆماری ئامریکا ئەوەشی وت: "ئێمە زانیاریی نهێنی زۆر لەمەڕ (دۆسیەی ناوکی ئێران) لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاڵوگۆڕ دەکەین. بە بڕوای من بێنیامین ناتانیاهۆ بە شێوەیەکی ڕاشناڵ گومانی لە ئێرانییەکان هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی هەڕەشە بەردەوامەکانیان بۆ سەر ئیسرائیل و یارمەتیکردنی حیزبوڵڵا و حەماس کە ئیسرائیلیان کردووەتە ئامانجی هێرشە مووشەکییەکانیان، ئەگەر منیش سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بووایەتم لەگەڵ قسەی ئێرانییەکاندا بە پارێزەوە هەڵسوکەوتم دەکرد."

ئۆباما هەروەها بە هێما کردن بۆ ئاڵۆزیی و تێکچنراویی سیستمی سیاسیی ئێران جەختی کردەوە کە حەسەن ڕووحانی لەم پێکهاتەیەدا "تاکە بڕیاردەر نییە و بڕیاردەری کۆتایی لەم پرسەشدا کەسێکی دیکەیە."

چەند کاتژمێرێك پێش لە بڵاوبوونەوەی قسەکانی سەرکۆماری ئامریکا، خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم هەندێ لە هەڵسوکەوتەکانی لێژنەی نوێنەرایەتی ئێرانی لە کۆبوونەوەی ئەم دواییانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نەشیاو وەسف کرد و وتی: "ئامریکا بۆ متمانە نابێ، خۆبەزلزان و وادەشکێنە و ئێمە گەشبین نین بە ئامریکاییەکان."

## ڕێککەوتنی نهێنی ئامریکا و ڕووسیە لەسەر مانەوەی ئەسەد بۆ ماوەی ٢ساڵ لە دەسەڵاتدا

بە گوێرەی هێندێ لەو زانیارییانەی کە لە نێوخۆ و دەرەوەی سووریە دزەیان کردووە، ئامریکا و ڕووسیە لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بۆ ماوەی ٢ ساڵی دیکە ڕێککەوتوون. ئەم زانیارییانە تا ئێستا لەلایەن هیچکام لە لایەنەکانی ئەم ڕێکککەوتنەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە.

بەپێی یاسای بنەڕەتیی سووریە خولی سەرکۆماریی بەشار ئەسەد لە مانگی ژووئیەی ساڵی ٢٠١٤ دەگاتە کۆتایی. بەشار ئەسەد وتوویەتی ئەگەر خەڵکی سووریە بیانهەوێ، خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان دەپاڵێوێ.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبییە، پێداگریی ئەسەد لەسەر خۆکاندیدکردنی زیاتر شیمانەی ئەم زانیارییە درکاوەکانی بەهێز کردووە.

بەپێی ئەم زانیارییانە، ڕێککەوتنی ڕووسیە و ئامریکا بۆ مانەوەی ئەسەد دوو ئامانجی سەرەکی دەپێکێ. یەکیان بۆ تەواوکردنی قۆناغی پێوەندیدار بە خاپوورکردنی بنکە و چەکە کیمیاییەکانی سووریە و ئەوی دیکەشیان بۆ سەرکوتکردنی گرووپە ئیسلامییەکانی سەر بە ئەلقاعیدە وەك بەرەی نوسرە و دەوڵەتی ئیسلامیی شام و عێراق کە ئێستا لە سووریەدا لە دەور یەك کۆ بوونەتەوە.

بەڵام کارناسان لەو بڕوایەدان بە سەرەنجدان بە ئاوارەبوونی میلیۆنان کەس لە خەڵکی سووریە و داخرانی زۆربەی باڵوێزخانەکان و خراپیی باری ئەمنی و لاوازیی دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵی هەندێ لە ناوچەکانی سووریە، بە ئاکام گەیشتنی ئەم ڕێککەوتنە دەخاتە خەرمانەیەك لە ناڕوونییەوە.

## نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ رێبەرانی سیاسیی جیهان



بەڕێز بان کی‌مۆن سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان،
بەڕێز باراك ئۆباما سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،
بەڕێز ئەنجێلا مێرکل سەدری ئەعزەمی ئاڵمان،
بەڕێز فرانسوا ئۆلاند سەرکۆماری فەرانسە،
بەڕێز دەیڤید کامێرون سەرۆك وەزیرانی بریتانیا،

ئاغای حسن رووحانی سەرکۆماری تازە هەڵبژێراوی ئێران، ماوەیەکە سەرقاڵی ئاڵوگۆڕی نامە و پەیام لەگەڵ کەسایەتی و رێبەرانی وڵاتانی رۆژئاواییە و هەوڵ دەدا خۆی وەك کەسایەتییەکی ئاشتیخواز و لایەنگری چارەسەری کێشە سیاسییەکان، بەتایبەت پرسی پیتاندنی ئورانیۆم لە رێگای دیالۆگ و وتووێژەوە، بە دونیا بناسێنێ.

بەڵام لە هەمان کاتدا و دوور لەچاوی بیروڕای گشتی، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئازادیخوازان لە سەرانسەری ئێران بەتایبەت لە کوردستانی ئێراندا هەروا بەردەوامە. لەو پێوەندییەدا سەرنجتان بۆ چەند نموونە لەو زوڵم و زۆرانەی کە بەدوای هاتنەسەرکاری سەرکۆماری تازە دژبە گەلی کورد دەکرێ، رادەکێشین:

ـ گەلی کورد هەروا لە سەرجەم مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی بێبەشە.

ـ منداڵانی کورد لە سەرەتایی‌ترین مافی ئینسانییان واتە خوێندن بە زمانی زگماکی، هەروا بێبەشن. ئاغای رووحانی لەسەر درێژەدان بەو هەڵاواردنە ئاشکرایە پێداگرە.

ـ ئیعدامی ئازادیخوازانی کورد بە بیانووی جۆراوجۆر بەردەوامە. هەر ئێستا کە من ئەو نامەیەتان بۆ دەنووسم، زیاتر لە بیست کەس لە بەندکراوانی سیاسیی کورد هەڕەشەی ئیعدامیان لەسەرە، راستییەك کە رێکخراوی لێخۆشبوونی نێونەتەوەییش لە نامەیەکدا بۆ رێبەری کۆماری ئیسلامی نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە.

ـ هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کورد قەدەغەن و مافی چالاکیی سیاسییان لێ زەوت کراوە.

ـ گرتن و سزادانی سەرەڕۆیانەی لاوانی کورد درێژەی هەیە.

ـ موحاکمەی چالاکانی کورد لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، فەرهەنگی و سیاسی بە شێوەی ناعادڵانە و ناتەبا لەگەڵ ستانداردە نێونەتەوەییەکان، بەردەوامە.

ئاغای رووحانی لە درێژەی هەوڵەکانی بۆ سووك کردنی گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر ئێران، قەرارە لە شەست و حەوتەمین کۆبوونەوەی رێکخرای نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ٢٤ی سپتامبر لە نیۆیۆرك پێکدێ، بەشداری بکا.

ئازادیخوازانی ئێران، بەتایبەتی گەلی زۆرلێکراوی کورد، لەوە نیگەرانن کە پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران بکرێتە قوربانیی بەرژەوەندیی سیاسی و سات وسەودای نهێنی بەتایبەت پرسی ناوکی لەگەڵ رێژیمی دیکتاتوری کۆماری ئیسلامی. بۆیە ئێمە چاوەڕوانین بەڕێزتان رێگە نەدەن ئەو ئەزموونە لەسەر حیسابی گەلانی ئێران و بە قیمەتی قوربانی کردنی ئازادی و مافی‌مرۆڤ کۆتایی بێت. ئێران تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ ببێتە ئەندامێکی کارا و موسبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی متمانای پێ بکا، بە پەرپێدانی دێموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ لە ناوخۆدا متمانەی خەڵکی ئێران بەدەست بێنێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە خوازیاری چارەسەری ئاشتیخوازنە و دێموکراتیکی پرسی کورد لە ئێران لە رێگای وتووێژەوە بووە. بەڵام بە شاهیدیی مێژوو، کۆماری ئیسلامی وەڵامی ئەو هەڵوێستەی حیزبی ئێمەی بە تیرۆر، سەرکوت و هەڵاواردن داوەتەوە. ئێمە داواکارین کە رۆژئاوا هەرچەشنە رێککەوتنێك لەگەڵ رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ببەستێتەوە بە کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجەی بەندییەکان، ئیعدامی چالاکانی سیاسی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی گەلانی ئێران لە فەزایەکی ئازاد و دێموکراتیکدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
٢ی سپتامبری ٢٠١٣ی زایینی
٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی

## راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پارلمانی هەرێمی کوردستان

کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان!
رۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

رۆژی شەممە رێکەوتی ٢١ی سپتامبری ٢٠١٣ی زایینی، بەرانبەر بە ٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنەکان بۆ دیاریکردنی ئەندامانی پارلمانی کوردستان لەژێر چاوەدێریی کۆمیسیونی باڵای هەڵبژاردنەکان و سەدان چاوەدێری بیانی و هەزاران چاوەدێری نێوخۆیی و هەواڵنێران بەڕێوەچوو.

لەم پرۆسە دێموکراتییەدا چەند خاڵی گرنگ جێگای سەرنجن:

یەکەم: لە ماوەی پڕوپاگەندەی لایەنەکاندا سەرەڕای چەند رووداوێکی بچووك و نەخوازراو، هەموو لایەنەکان بە ئازادی و لە چوارچێوەی یاسا و بێ هیچ چەشنە کۆسپێك سەبارەت بە بەرنامە سیاسییەکانی خۆیان لە شەقام و راگەیەنەکاندا رێکلامی خۆیان خستە بەر دید و گوێی دەنگدەران و رای گشتی.

دووهەم: لە رۆژی دەنگداندا وێڕای بوونی ئازادیی تەواو بۆ هەر تاکێك لە بەشداریکردن بۆ دەنگدان، یان دەنگنەدان بەپێی رێژەی راگەیەندراو ٧٣,٩ لەسەدی ئەو کەسانەی مەرجی دەنگدانیان هەبوو لەو هەڵبژاردن و دەنگدانەدا بەشدارییان کرد و دەنگیان بە کاندیداکانی دڵخوازی خۆیان دا. لەو هەڵبژاردنانەدا سەرەڕای بوونی هێندێ سکاڵا کە بۆ لێکۆڵینەوە دراونە کۆمیسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، زۆربەی نزیك بە تەواوی چاوەدێران لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بە پێی رێنوێنی و رێوشوێنەکانی کۆمیسیونی باڵای هەڵبژاردنەکان رازی بوون و رەزامەندیی خۆیان دەربڕی و بە سەرکەوتنێکی کەم وێنەیان وەسف کرد. بەم چەشنە کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانیەوە لەم بڕگەیە لە تەمرینی دێموکراسیدا سەرکەوتوو هاتنەدەر، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە نەیارانی نەتەوەی کورد کە چاوی دیتنی ئەو پێشکەوتنەیان نەبووە و نییە و هەوڵی جۆراوجۆریان بۆ شێواندن و سەرنەکەوتنی پرۆسەکە دەدا، بە هۆی وشیاری و پێگەیشتوویی خەڵك بە ئامانج نەگەیشتن و تەنیا دۆڕاوی ئەو هەڵبژاردنانە بوون. سەرکەوتنی ئەم پرۆسە دێموکراتیکە نەك لە عێراق، بەڵکوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نموونە دەگمەنەکانی بەرەوپێشچوونی دێموکراسی و وێکهەڵکردن دێتەئەژمار. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە لە کوردستانی باشوور، خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕی و پیرۆزبایی لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەك براوەی یەکەمی ئەو هەڵبژاردنانە و هەموو قەوارە سیاسییەکان، سەرۆکی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکا. ئێمە لەو بڕوایەداین ئەو دەست وێکدان و هاوکارییە کە کۆمەڵانی خەڵك لە هەرێمی کوردستان بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسە دێموکراتییە لە خۆیان نیشان دا جارێکی دیکە بە خەڵك و بیروڕای گشتیی جیهانیان راگەیاند کە ئەگەر سێبەری دیکتاتۆرەکانیان لەسەر نەمێنێ، کورد شایستەی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دێموکراتیکی خۆیانن. لەم روانگەوە شایستەیە هەم کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و هەم هەموو قەوارە سیاسییەکان خۆیان بە براوە بزانن و نەیارانی کورد و دوژمنانی دێموکراسی بە تەنیا دۆڕاو. جارێکی دیکە بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە پیرۆزبایی لە هەموو لایەك دەکەین و سەرکەوتنی زیاتر بۆ ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانە بە ئاوات دەخوازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی
٢٢ی سپتامبری ٢٠١٣ی زایینی

## راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر تەقینەوەی شاری هەولێر

هاونیشتمانانی بەڕێز!
کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

کاتژمێر١:٣٤ی پاش نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٧ی رەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٩ی سپتامبری ٢٠١٣ی زایینی بەداخەوە بینای ئاسایشی گشتیی هەولێر بووە ئامانجی کردەوەیەکی تیرۆریستیی بەرنامە بۆ دارێژراو و لە ئاکامدا تا ئێستا ٦ کەس لە پێرسۆنێلی ئاسایش گیانیان لەدەست داوە و ٦٤ کەسیش لە هێزەکانی ئاسایش و خەڵکی مەدەنی بریندار بوون. ئەو کردەوە تیرۆریستییە لە کاتێکدا رووی دا کە کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمی کوردستان چەند رۆژ بوو لە تاقیکاریی هەڵبژاردنێکی دێموکراتیك بۆ دەستەبەربوونی نوێنەرانی پارلمانی کوردستان سەرکەوتووانە هاتبوونە دەر و رۆژێك پاش راگەیاندنی ئاکامی سەرەتایی ئەو هەڵبژاردنە لە حاڵی شادی و خۆشی کردندا بوون. بێگومان بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە ئەوانەن کە چاوی دیتنی پێشکەوتنەکان و سەرکەوتنەکانی هەرێمی کوردستانیان نییە و بەنیازن ئەو ئەمنییەت و ئارامییەی کە چەند ساڵە باڵی بەسەر هەرێمی کوردستاندا کێشاوە تێك بدەن و بشێوی و نائەمنی دروست بکەن، هەرچەند بەرگریی ئازایانە و لەخۆبردوانەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە زۆر زەق و بەرچاو بوو کە جێگای سوپاس و پێزانینە، بەو حاڵەش رووداوەکە دڵتەزین و هەژێنەر بۆ هەموو لایەك بوو، دیارە هەروەك مێژوو سەلماندویەتی ئەو جۆرە کردەوە تیرۆریستیانە ناتوانن رێگای بەرەو پێشچوونی پرۆسەی دێموکراتی لە هەرێمی کوردستان و گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافە رەواکانی بگرن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە و بێزاری دەربڕین لە پیلانگێڕییەکانی نەیارانی کورد و هەرێمی کوردستان، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری شەهیدانی ئەو رووداوە دەکا و چاك بوونەوەی بەپەلە بۆ زام هەڵگرتووەکان بە ئاوات دەخوازێ، لە هەمان کاتدا هاودەردیی خۆی لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەردەبڕێ و بێزاریی خۆی لە تیرۆریزم و تیرۆریستپەروەران و تیرۆریستان دووپات دەکاتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٨ی رەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی
٣٠ی سپتامبری ٢٠١٣ی زایینی

## سەردانی پارتی "ماف و ئازادی" HAK PAR، لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات



دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی ٦ی رەزبەری ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی پارتی "ماف و ئازادی" (HAK PAR) سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، پێشوازیی لێکرا."کەماڵ بورکای" سکرتێری گشتیی "هاك پار"، ئامانج لەم سەردانە دۆستانەی بە سەرکردنەوەی هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران راگەیاند و لەو پێوەندییەدا وتی: "من پێوەندییەکی دێرین و دۆستانە و لە مێژینەم لەگەڵ ئەم حیزبە تێکوشەرە و رێبەرانی خەباتگێڕی هەیە و هەر لە رۆشنایی ئەم پێوەندییە مێژووییەدا سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتم کردووە". پاشان "مستەفا هیجری"، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات خوشحاڵیی خۆی و شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەم سەردانەی شاندی "هاك پار" دەربڕی. دواتر، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی سیاسی لەسەر رەوشی سیاسیی کورد بەگشتی و خەباتی گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و پرۆسەی ئاشتیی پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی تورکیە کرد و لایەنی ئەرێنیی ئەم پڕۆسەیەی خستە روو و لەم پێوەندییەدا ئاستەنگەکانی سەر رێگەی ئەم پرۆسەیە باس کران. بەشێکی دیکەی باسەکە لەسەر سیاسەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، لەم بەشە لە باسەکەدا ئاماژە بەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییە کرا کە رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵی بەرەوڕووە و رێژیم بە هاتنە سەر کاری حەسەن رووحانی بە لە پێشگرتنی سیاسەتێکی نەرم و چەواشەکارانە دەیهەوێ لەم قەیرانە خۆی رزگار بکا. لە درێژەی ئەم باسەدا پرسی کورد لە سووریە و ئەو گیروگرفتەی ئێستای لایەنە سیاسییەکانی، هەم لە ئاستی کوردستاندا و هەم لەگەڵ لایەنە ئیسلامییە توندڕەوەکان و شوڤینیستە عەرەبەکان لەگەڵی بەرەوڕوو بووەتەوە، خرایە بەر باس. لە ئاکامی ئەم باس و راگۆڕینەوەدا، کەشی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناڤین و پرۆسەی بەرەوپێش چوون و گەشە کردنی بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنیی جەماوەری کورد بەپێی بارودۆخی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بە ئەرێنی هەڵسەنگێندرا و لە کۆتایی باسەکەدا هەردوو حیزب لەسەر هاوکاری و بەردەوام بوونی پێوەندییەکانیان جەختیان کردەوە.

## بەشداریی هەیئەتێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا

شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بریتانیا لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری ئەو وڵاتە لە شاری "برایتۆن" بەشداریی کرد. حیزبی کرێکاری بریتانیا ساڵانە کۆنفرانسێك بە بەشداریی لایەنە سیاسی و مەدەنییەکان و کەسایەتییەکانی بریتانیا پێکدێنێت و نوێنەرایەتیی حیزبی



دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بریتانیا بە بانگهێشتی فەرمیی ئەو حیزبە لەو کۆنفرانسەدا بەشداریی کرد.

## زیندانییەکی سیاسی کورد حوکمی ئێعدام و یەکێکی دیکەش ١٨ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپا

ئاژانسی کوردپا بڵاوی کردەوە، محەممەد عەبدوڵڵاهی زیندانیی سیاسیی کورد لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی شاری مەهابادەوە سزای ئێعدامی بە سەردا سەپاوە و حوکمەکەش بە شێوەی زارەکی بەو هاووڵاتییە کوردە راگەیەندرا. محەممەد عەبدوڵڵاهی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی لەشاری مەهاباد بە تۆمەتی ئەندامەتیی و هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران دەستبەسەر کراوە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد لە ژێر ئەشکەنجەدا بووە. هاوکات برای ئەم زیندانییەش بە ناوی "ئەمین عەبدوڵڵاهی" بە تاوانی هاوکاری و ئەندامەتی لە یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی ئیسلامیی ئێران سزای ١٨ ساڵ زیندانی تەعزیری بە سەردا سەپاوە و هەنووکە لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ ماوەی حوکمەکەی تێپەڕ دەکات. محەممەد عەبدوڵڵاهی تەمەنی ٣٥ ساڵە و ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی لە ماڵەکەی خۆی لە شاری مەهاباد دەستبەسەر کرا.

## چالاکێکی خوێندکاریی کورد سزای زیندانی بە سەردا سەپا

ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان بڵاوی کردەوە، رۆژی چوارشەممە ١٠ی رەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری مەریوان، چالاکێکی مەدەنی و خوێندکاریی کوردی بە ناوی "محەممەد کۆنەپۆشی" بە یەك ساڵ زیندانی تەعلیقی بۆ ماوەی ٥ ساڵ مەحکووم کرد.

## لە سەدا ١٤ی منداڵانی ژێر تەمەن ١٠ ساڵ لە ئێراندا لە مافی خوێندن بێبەشن

بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ئامووزش و پەروەرشی ڕێژیمی ئێران، زیاتر لە ١٢٠ هەزار منداڵی تەمەن ٦ هەتا ١٠ ساڵان لە ئێراندا لە مافی خوێندن بێبەشن و وەکوو نەخوێندەواری رەها ئەژمار دەکرێن. هەر لەو پێوەندییەدا، بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، ساڵی رابردوو نزیکەی ٤ میلیۆن منداڵ لە خوێندن بێبەش ببوون و ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە بە زیادبوونی گرفتی دارایی و ئابووریی خەڵکی ئێران، ئەو ژمارەیە زیاد بکات. وازهێنان لە خوێندن بە هۆی گرفتی ئابووریی و هەژاریی بنەماڵەکان لە ناردنە بەر خوێندنی منداڵەکانیان و دابین کردنی بەستێنی خوێندن لە کاتێکدایە کە بە سەرنجدان بە برگەی ٣٠ی یاسای بنەڕەتیی ئێران، دەوڵەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەرکدارە کە خزمەتگوزاریی پەروەردە و بارهێنان هەتا کۆتایی قۆناغی دواناوەندی دابین بکات. بەپێی ئەنجامەکانی سەرژمێریی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی، لە ئێراندا ٩ میلیۆن و ٧١٩ هەزار نەخوێندەوار هەیە کە ٣ میلیۆن و ٤٥٦ هەزار کەسیان لە مەودای تەمەنیی نێوان ١٠ هەتا ٥٠ ساڵاندان.

## هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی ناوچەی مەریوان لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا

سەرەتای مانگی رەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی هاووڵاتییەکی کورد بەناوی "هیوا" کوڕی "سەدیق"، تەمەن ٢٧ ساڵ و خەڵکی گوندی "گۆڵچییەر"ی سەربە شاری مەریوان، پاش بانگهێشتن لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر کرا. ناوبراو بە تۆمەتی هاوکاری کردنی حیزبێکی کوردی دژبەری ڕێژیمی ئێران دەسبەسەر کراوە. بنەماڵەی ناوبراو هیچ زانیارییەکیان لە چارەنووسی هیوا نییە.

## دیداری شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە پارلمانی ئورووپا



ڕێکەوتی ٨ی رەزبەر، شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ پێکهاتوو لە بەڕێزان "ناسر بۆلەیدی"، سەرۆکی حیزبی مەردومی بەلووچستان، "لوقمان ئەحمەدی"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و "کاکۆ عەلیار"، ئەندامی کومیسیۆنی پێوەندییەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ خاتوو "Inese Vaidere"، ئەندامی پارلمانی ئورووپا لەسەر لیستی دێموکرات مەسیحییەکان، دیداری پێکهێنا. لەو دیدارەدا دۆخی ئێران پاش هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی سەرکۆماری و هەروەها بەردەوامبوونی رەوشی ناڵەباری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەو هەرێمانە کە نەتەوەکانی ئێران تێیدا دەژین، کەوتە بەرباس. شاندی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، داوای لە ئەندامانی پارلمانی ئورووپا کرد کە لە ئەگەری وتووێژکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، پرسی نەتەوەکان بەرز بکرێتەوە و گرێی بدەن بە نێوەڕۆکی وتووێژەکانەوە. لە هەمان رۆژدا، ئەو شاندە لەگەڵ "عەلی یوورتاگول" راوێژکاری سەرەکیی تایبەت بە دۆسیەی ئێران بۆ فراکسیۆنی سەوزەکان لە پارلمانی ئورووپا، چاوپێکەتنیان ئەنجام دا. لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی شاندی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدا، شاندەکە دیداریان لەگەڵ "ئۆرەستە رۆسی" ئەندام پارلمانی ئورووپا و ئەندامی هەیئەتی یەکیەتیی ئورووپا بۆ پرسی ئێران، پێکهێنا. هەروەها ڕێکەوتی ٩ی رەزبەر، شاندی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، چاویان بە سێ دیپلۆماتی سەر بە بەشی ئێرانیی دەزگای کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا (European External Action Service) کەوت و تیشکیان خستەسەر دۆخی سیاسیی ئێران و پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئورووپا و ئێران. پاش ئاڵوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بەو پرسانە لە نێوان هەردوو لایەندا، دیپلۆماتەکانی دەزگای کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا، پێداگرییان لەسەر ئەوە کردەوە کە گەمارۆکان لەسەر ڕێژیمی ئێران هەڵناگرن، هەتا ئەو کاتەی ڕێژیمی ئێران ئاڵوگۆر بەسەر سیاسەتەکانی خۆیدا نەهێنێت. لە هەمان رۆژدا، شاندی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، دیداری لەگەڵ بەرپرسی هەیئەتی یەکیەتیی ئورووپا بۆ ئێران، خاتوو "تارژا جرۆنبێرگ" کرد.

## لە پارلمانی ئورووپا کۆنفرانسێک لەسەر فیدراڵیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ١٠ی رەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، کۆنفرانسێك لەسەر فیدراڵیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت لە ئێران، بە بەشداریی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات و ژمارەیەك ئەندام پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا و نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە پارڵمانی ئورووپا بەڕێوەچوو.

لە پانێلی یەکەمی ئەو کۆنفرانسەدا ئەم بابەتانە پێشکەش کران:

ـ پرسی ئیتنیکی لە ئێران، لەلایەن ئایدا کەریملی، چالاکی سیاسیی ئازەربایجانی باشوور.

ـ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، بەربەست و دەرفەتەکانی بەردەم جێگرکردنی فیدراڵیزم لە ئێران، لەلایەن لوقمان ئەحمەدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات.

ـ فیدراڵیزم وەکوو ڕێگاچارەیەك بۆ دابینکردنی پێویستیی کەمایەتییەکان، لەلایەن "ڤیلیام سپەنجەر" ئەندامی ئەنستیتۆی نێونەتەوەیی یاسا و مافی مرۆڤ لە ئامریکا.

پانێلی دووهەمیش ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتبوو:

ـ بەهێزکردنی دێموکراسی لە ڕێگای فیدراڵیزمەوە، لەلایەن "میکاییل ژەوکەس" مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی لوڤێنی بلژیك.

ـ هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکان بەرامبەر بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەن ناسر بۆلیدی، سەرۆکی حیزبی مەردومی بەلووچستان.

ـ دێموکراسی و نیشتەجێ بوونی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە ئورووپا، لە لایەن لێکۆڵەری تایبەتی لەسەر فیدراڵیزم لە کاتالۆنیا

## پێنج کرێکاری کورد لە شاری "دەماوەند"ی پارێزگای تاران، دەسبەسەر کران

ماڵپەڕی کوردپا بڵاوی کردەوە، ٥ کرێکاری کوردی خەڵکی گوندی "ئەوێهەنگ" سەربە شاری سنە، بە ناوەکانی "هەژار لوتفی، قانیع رەزایی، رەفتار خودایاری، ماکوان بەهاری و عەزیز خودایاری" بەبێ هیچ هۆکارێکی روون لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە شارستانی دەماوەند، سەربە پارێزگای تاران دەسبەسەر کراون. بەپێی ئەو سەرچاوەیە، ئەم ٥ کرێکارە کوردە لە کاتی کارکردن لە پرۆژەیەکی بیناسازیدا لە شاری دەماوەند دەسبەسەر کراون. تا ئێستاش هیچ زانیارییەك لە هۆکار و شوێنی راگیرانی ئەو ٥ کرێکارە لەبەردەستدا نییە.

## کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی ناوچەی ورمێ بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران بریندار کرا

ماڵپەڕی کوردپا بڵاوی کردەوە، محەممەدی ئەمین کوڕی سۆفی سەلیم تەمەن ٤٣ ساڵ و خەڵکی گوندی "حاڵج"ی سەربە ناوچەی تەرگەوەڕ، لە خاڵی سنوورییی ورمێ لە کاتێکدا کە سەرقاڵی کۆڵبەری بووە، کرایە ئامانجی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم و لە ئەنجامدا بە توندی بریندار بوو. پاش ئەو رووداوە ناوبراو بۆ نەخۆشخانەی "خومەینی" لە شاری ورمێ راگوێزراوە و خراوەتە ژێر چاودێریی پزیشکییەوە.

## دایکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، دایە "فاتم خوش زوبان" دایکی "لوقمان شێخانی" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. تەرمی دایە فاتم لە نێو ئاپۆرای خەڵکی شاری شنۆ و دەوروبەری لە گوڕستانی "شێخ سمایل"ی ئەو شارەدا بە خاك سپێردرا.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای رزگاری کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی، حاجی عێزەت مورادی باوکی شەهید عەتا بەهۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا لە شاری کامیاران کۆچی دوایی کرد. حاجی عێزەت کەسێکی خۆشناو و جێی متمانەی خەڵکی ناوچەی کامیاران بوو و هەتا دواساتەکانی ژیانی شانازیی بە ڕێبازی کوڕە شەهیدەکەی دەکرد. شەهید عەتا مورادی لە سەرەتای چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی کامیاران هاتنە نێو ریزەکانی حیزبەوە و لە ڕێکەوتی ٢٩ی خەرمانانی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شوێنێك بە ناوی "نەڕان" شەهید بوو.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای رزگاری کوردستان کۆچی دوایی کرد

رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٠ی رەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، "محەممەد قۆرەخچی" ناسراو بە "مام جۆڵا" باوکی شەهید "عوسمان قۆرەخچی (هەڵمەت)" لە تەمەنی ١١٠ ساڵیدا لە شاری شنۆ کۆچی دوایی کرد. مام جۆڵا کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و خۆشناوی ناوچەی شنۆ بوو و هەموو ئاواتی، ئازادی و رزگاریی گەل و نیشتمانەکەی بوو و وەسیەتی کردبوو بە ئاڵای کوردستانەوە ئەسپەردەی بکەن. مام جۆڵا لە گۆڕستانی شەهیدانی شاری شنۆ لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا ئەسپەردەی خاك کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە و کەس و کاری حاجی عێزەت، کاك محەممەد و دایە فاتم خوش زوبان و کاك لوقمان دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی دێموکراتیک

فاتیح سالحی

چوارەمین خولی هەڵبژاردنەکانی پارڵمانی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٣، بە بەشداریی حیزب و لایەنە سیاسی و کاندیدا سەربەخۆکان لە کەش و هەوایەکی ئازاد و دێموکراتیکدا بەڕێوە چوو. ئەوەیکە لەم هەڵبژاردنەدا زیاتر لە هەموو شتێ گرینگی خۆی نواند، هەڵبژاردنێك بە پێی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان و پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێمکراتیك بوو.

لەم پێوەندییەدا هێما دەکەین بۆ چوار پێوەری سەرەکی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیك کە لە مەنشووری هەڵبژاردنی ئازاد و دێمکراتیکدا لە ساڵی ١٩٩٤، لە دانیشتنی یەکسەد و پەنجا و چوارەمین ئەنجومەنی یەکیەتیی نێوان پارلمانی بە پەسەندی نوێنەرانی پارڵمانەکانی ١١٢ وڵات گەیشتووە.

**١- هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە**

مافی سەروەری لە هەر وڵاتێکدا تەنیا دەتوانێ هەڵقوڵاوی ویستی خەڵکی ئەو وڵاتە بێت کە لە هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە، ئازاد و دادپەروەرانەدا ـ کە بە شێوەی دەورەیی بەڕێوە دەچێت ـ و لەسەر بنەمای مافی دەنگدەران، بەرابەر و بەشێوەی نهێنی دەردەبڕدرێ. بەم پێیە هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی پارلمانی هەرێمی کوردستان بەرەنجامی ویست و داخوازی خەڵکی هەرێمی کوردستان بوو و بە بێ دەستێوەردانی دەرەکی و بیانی هێمایەك بوو بۆ خولقاندنی دەرەتان و دەرفەتی وەك یەك کە لە دادپەروەریی هەڵبژاردن سەرچاوە دەگرێ و هەموو گرووپ و حیزب و تەنانەت کاندیدا سەربەخۆکانیش توانیان وەك یەك بانگەشە بۆ ڕوانگە و تێڕوانینەکانی خۆیان بکەن و بەرنامە و پڕۆگرامەکانی خۆیان بە بێ هیچ سڕینەوە و سانسۆرێ بخەنە بەر دیدی خەڵکانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان.

**٢- مافەکانی هەڵبژاردن**

بە پێی مەنشووری هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیك، هەموو شارۆمەندێ مافی هەیە بە بێ هیچ چەشنە جیاوازییەك بە شێوەی نهێنی دەنگ بدات و بەدواداچوون بکات بۆ دەنگەکەی و تەنانەت سکاڵا تۆمار بکات لە پێوەندی لەگەڵ ونبوونی دەنگەکەی و ڕوودانی هەر چەشنە ساختەکارییەك و لە ڕێگەی کومسیۆنەکانی هەڵبژاردنەوە دەنگی ناڕەزایەتی خۆی دەرببڕێ. لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا دیتمان کە شارۆمەندانی کوردستانی بە بێ هیچ چەشنە جیاوازییەك بە ڕێژەیەکی سەرەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کرد و تەنانەت لە کەشێکی زۆر دێموکراتیك و هێمنانەدا هەندێك لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانیش بە بێ ئەوەیکە لە ئەنجامی کارەکەیان بترسن، سکاڵاکانی خۆیان لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان ناردە کومسیۆنی هەڵبژاردن و بە پێی سکاڵاکانیان وەڵامی شیاوی خۆیان وەرگرتەوە و هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی ئەو مافەی بە خۆی نەداوە کە سکاڵاکان بلۆکە بکات و ڕێگر بێت لە بەرامبەر ویست و ئیرادەی خەڵکدا. ئەمەش لە نێوەڕۆکی خۆیدا پێوەرێکی زۆر دێموکراتیکە بۆ پێناسەکردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیك.

**٣- ماف و بەرپرسایەتی کاندیداتۆری، چالاکی حیزبی و بانگەشەی هەڵبژاردن**

لەم پێوەندییەدا هەموو کەسێ مافی خۆ کاندیدکردنی هەیە. جا چ لە ڕێگەی حیزبەکانەوە بێ یان وەك کەسێکی سەربەخۆ و بێ لایەن. بۆیە دەتوانێ ئازادانە ڕوانگە سیاسییەکانی خۆی دەرببڕێ، زانیاری وەربگرێ و زانیاری بدات و لە هەموو ناوچەکاندا ئازادانە بانگەشە بۆ خۆی بکات و بە شێوەیەکی ئازادانە لە ڕاگەیەنەکان کەڵك وەربگرێ و ئەگەر لە شوێنێکدا مافەکانی پێشێل کرا قەربوو بکرێتەوە. هەر بۆیە هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی پارڵمانی کوردستان ئەم ڕاستییەی سەلماند کە نەتەوەی کورد، ئەو زەرفیەتەی هەیە کە بە پێی هەموو پێوەرەکان هەڵبژاردنێکی ئازاد بەڕێوە ببات. چونکوو لە هەڵبژاردنی ئەم خولەدا جگە لە حیزب و قەوارە سیاسییەکان کاندیدا سەربەخۆکانیش توانیان لە پڕۆسەیەکی زەمەنییدا خۆیان کاندیدا بکەن و زۆر ئازادانە بیر و بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و لە هەموو کەرەسە و ئامرازەکانی ڕاگەیەن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆیان کەڵك وەربگرن و بە گوێرەی پێویست زانیاری بە خەڵك بگەیەنن و لەسەر پڕۆسەی هەڵبژاردنەکانیش زانیاری وەربگرن.



**٤- ماف و بەرپرسایەتی حکوومەتەکان**

لەم چوارچێوەدا حکوومەتەکان دەبێ قۆناغەکانی یاسادانان و هەوڵەکانی دیکەی پێویست بە پێی پڕۆسە یاساییەکانی وڵات و پابەندبوون لە بەرامبەر یاسای نێونەتەوەیی بەڕێوە ببەن تا ماف و چوارچێوەکان بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی دەورەیی، ئازاد و دادوەرانە گەرەنتی بکرێ. هەر بۆیە دەبێ حکوومەتەکان دەرەتان و دەرفەتی وەك یەك بدەن بە هەموو حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان کە بە بێ جیاوازیی ڕەگەزی و ئایینی بەشداری هەڵبژاردنەکان بن و حکوومەت دەبێ بەستێن و بواری چالاکی ئەم حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسییانە بە شێوەیەکی ئازادانە بڕەخسێنێ و ئەمنیەتییان گارانتی بکات. لەم پێناوەشدا دەبینین حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی توانا و ئیمکاناتی خۆی، هەموو هەوڵەکانی خۆی خستە گڕ تا کەشێك بخولقێنی کە بە پێی هەموو پێوەرە یاساییەکان دەرەتان و دەرفەتی بەرابەر بۆ هەموو حیزب و قەوارە سیاسییەکان پێك بێت و بە بانگهێشتکردنی چاوەدێرانی بێ لایەن تەندرووستی و ئازادبوونی هەڵبژاردنەکان مسۆگەر بکات و بە پابەندبوون بە یاسا و ڕێساکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیك، هەنگاوێکی دێموکراتیکی دیکەی بۆ سەقامگیریی ئاشتی و دێموکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگرت. هەرچەن ڕەنگە کەموکووڕیەکی ناشوێندانەریش لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا کەوتبێتە بەرچاو بەوحاڵەش بە لەبەرچاوگرتنی مەرجە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەو تاقیکارییە دێموکراتیکەی هەرێمی کوردستان شایانی ڕێز و جێگای هیوایە.

# مادەی ١٥، فریوێکی گەورە

سەلام ئیسماعیل‌پوور

دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن بۆ منداڵان و قوتابیانی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، هەموو ساڵێك وەبیرهێنەری چیرۆکی هەمیشەیی و ئازاردەری پەراوێزکەوتنی زمانی دایکی و قەیرانێکی شوناسە کە لە سەرەتای چوونیانەوە بۆ نێو ناوەندەکانی خوێندن و فێربوون تا دوایین ساڵەکانی ژیانیان لەگەڵ ئاسەوارەکانی دەستەویەخە دەبن.

ئەوەی کە ڕەنگێکی نوێی بەم باسە هەمیشەیی و چەندپاتەکراوە داوە، ئەو بەڵێنانەیە کە حەسەن ڕووحانی لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی جۆزەردانی ڕابردوودا هەوڵی دا خەڵکیان پێ فریو بدات و بەم چەشنە کوورەی هەلبژاردن بە قازانجی خۆی و ڕێژیم گەرم بکات. ڕووحانی لەم هەڵبژاردنەدا بە کۆمەڵێك دروشمی وەك پێکهێنانی فەرهەنگستانی زمان و وێژەی ئازەری (نەك تورکی)، جێبەجێکردنی مادە لەبیرکراوەکانی یاسای بنەڕەتی (بۆ نموونە مادەی ١٥ و ١٩)، بەشدارکردنی قەومەکان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا و ... توانی سەرنجی بەشێکی بەرچاو لە دەنگدەران لەم ناوچانەدا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

یەکێك لە دروشمەکانی ڕووحانی کە شوێنکەوتووانی سیاسیی ئەو لە کوردستان، ئازەربایجان، ئەحواز و ناوچەکانی دیکەی فریو دا، بەڵێنی جێبەجێکردنی مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم بوو کە لە لایەن ئەوانەوە وەکوو مانیفێستی مافە فەرهەنگی و زمانییەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکان باسی لێ دەکرێت.

لەم پێوەندییەدا پێویستە قامك بخرێتە سەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

یەکەم ئەوەی کە مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم، نەك سەقفی داخوازییەکان، بەڵکوو دەربڕی کەمترین ئاستی داخوازییە فەرهەنگییەکانی ئەم گەلانەیە و لە بیرکردنی ئەم ڕاستییە یارمەتیدەری سەرکەوتنی چەواشەکارییەکانی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا دەبێت. خوێندنەوەی نێوەڕۆکی ئەم مادەیە، یارمەتیدەری ڕوونبوونەوەی ئاسانتری باسەکەیە.

لەم مادەیەدا هاتووە کە :" زمان و خەتی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران، فارسییە. بەڵگەنامەکان و نووسراوە و دەقە فەرمییەکان و پەرتووکە دەرسییەکان دەبێ بەم زمان و خەتە بن، بەڵام کەڵکوەرگرتن لە زمانە خۆجێیی و قەومییەکان لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکاندا و فێرکردنی وێژەی ئەوان لە قوتابخانەکاندا شانبەشانی زمانی فارسی ڕێگەپێدراوە".

ڕستەی یەکەم و دووەمی ئەم مادەیە، فەرمیبوونێکی ئاسنین دەداتە زمان و خەتی فارسی وەکوو زمان و خەتی بەڵگەنامە و نووسراوە و دەقە فەرمییەکان و پەرتووکەکانی خوێندن، بە جۆرێك کە کەڵکوەرگرتن لە زمانی نەتەوە ستەملێکراوەکان لەو خاڵانەی سەرەوەدا قەدەغەیە. بەڵام ئەوەی کە لە ماوەی ئەم هەموو ساڵەدا کەسانێك هەوڵیان داوە وەکوو بەڵگەیەك بۆ دێموکراتیکبوونی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم باسی لێ بکەن، بەشی دووەمی مادەکەیە کە سەرەتا زمانە نەتەوەییەکان بە زمانی خۆجێیی و قەومی ناو دەبات و بەم شێوەیە جۆرێك لە سووکایەتی بەم نەتەوانە لە یاسادا جێگیر دەکات، پاشان باس لە شوێنی بەکارهێنانیان دەکات کە بریتین لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکان و فێرکردنی ئەدەب و وێژەیان لە قوتابخانەکاندا.

ڕوونە کە کەڵکوەرگرتن لە زمانێك لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنەکانی وڵاتێکدا بە مانای قبووڵکردنی مافێك بۆ ئاخێوەرانی لە نێو وڵاتدا نیە، وەك چۆن بوونی کاناڵە

> **مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم، نەك سەقفی داخوازییەکان، بەڵکوو دەربڕی کەمترین ئاستی داخوازییە فەرهەنگییەکانی ئەم گەلانەیە و لە بیرکردنی ئەم ڕاستییە یارمەتیدەری سەرکەوتنی چەواشەکارییەکانی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا دەبێت**

تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییەکانی ڕێژیم بە زمانی ئیسپانیۆلی، ئینگلیزی و عەرەبی بە واتای سەلماندنی هیچ مافێك بۆ ئیسپانیاییەکان یان ئینگلیزییەکان یان ئەلجەزایرییەکانی دانیشتووی ئێران نیە، هەر بەو شێوەیەش بوونی ڕۆژنامە یان تەلەفزیۆنێکی کوردی‌زمانیش بە واتای داننانی ڕێژیم بە مافەکانی نەتەوەی کورددا نیە.

لە پێوەندی لەگەڵ فێرکردنی وێژە و ئەدەبی نەتەوەکان لە قوتابخانەکانیشدا خاڵێکی چەواشەکارانە وەبەر چاو دەکەوێت کە هێندێك کەس بە ئەنقەست یان بە هەڵە لەم ماوەیەدا چاوپۆشییان لێ کردووە. ئەویش ئەوەیە کە داخوازیی نەتەوەی کورد یان بەلووچ تەنیا فێرکردنی زمانی کوردی یان بەلووچی لە قوتابخانەکاندا نیە، بەڵکوو خودی فێرکردن یان نێوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکانیش دەبێ بەم زمانانە و لە خزمەتی گەشە و پەرەپێدانیاندا بێت، دەنا هەموو خەت یان زمانێك، تەنانەت خەت و زمانە کەونارا لەنێوچووەکانیش دەتوانن بابەتێك بۆ وانەگوتنەوە و فێرکردن بن. کەوابوو ئەوە زمانی هاوبەشی گەلانی ئێرانە کە دەبێ بەرەبەرە بخرێتە نێو پڕۆسەی پەروەردە، تاکوو بۆ خۆی نەبێتە کۆسپێك لە سەر ڕێی فێربوون و دۆزینەوەی شوناسی منداڵان و مێرمنداڵانی نەتەوە ستەملێکراوەکاندا.

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر بە وردی چاوێك لەو مادەیە بکەین، کاتێك کە باسی کەڵکوەرگرتن لە زمانی فارسی دەکات، بە وشەی"دەبێ" هەموو شتێك دەبڕێتەوە و جێگای هیچ ئەگەر و گومانێك ناهێڵێتەوە، بەڵام کە دێتە سەر باسی زمانەکانی دیکە، بە وشەی "ڕێگەپێدراوە" کۆتایی بە ڕستەکە دێنێت، بەجۆرێك کە هیچ ئەرکێك ناخاتە سەرشانی حکوومەت کە بۆ نموونە، ئەم بەشەش "دەبێ" جێبەجێ بکرێت.

خاڵی دووەم لەم پێوەندییەدا، هەروەك باسمان لێ کرد، دانپێدانانی ڕووحانی بە دابیننەکردنی تەنانەت ئەم داخوازییە فەرهەنگییە بچووکانەش لە ماوەی ئەم هەموو ساڵەدایە کە بەرپرسیاریەتیی یاسایی و سیاسیی ڕێژیم و سەرکۆمارەکەی لەم پێوەندییەدا قورستر دەکات.

خاڵی سێهەم، هەڵوێستی کەسانێك لەم نەتەوانەیە کە ڕووحانی بە ڕزگاریدەر و قارەمانی خەبات لە پێناوی مافی نەتەوەکاندا دەناسێنن، بەڵام تا ئێستا تەنانەت خۆیانیش ئاوڕێکیان لەم بەڵێنییەی ڕووحانی نەداوەتەوە و کۆی داخوازییەکانیان لەسەر بەڵێنیی ناڕوونی "بەشدارکردنی قەومەکان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا" چڕ بۆتەوە کە ئەوەش لە ئاستی پۆستی ئوستانداری تێ ناپەڕێت و تا ئەم ساتە تەنانەت ئەوەش لە ئاستی دروشمێکدا ماوەتەوە. ئەم کەسانە تەنانەت ناوێرن بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەسڵی ١٥ نوقورچکێکیش لە تیمی ڕووحانی بگرن و لەو باوەڕەدان کە نابێ ببنە زەخت و گوشار بۆ سەر سەرکۆمار (و لە ڕاستیدا بۆ سەر ڕێژیم).

خاڵی چوارەم ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر ڕووحانی بیهەوێ، بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی مەجلیس و گرینگتر لەوە، پێکهاتە و ڕوانگەی زاڵ بە سەر شوورای نیگابان وەکوو دامودەزگاکانی یاسادانانی ڕێژیمدایە کە دەبێ لەم پێوەندییەدا یاسای پێویست پەسەند بکەن، تەنانەت هێنانەگۆڕی باسی خوێندن بە زمانی دایکیش لە خەیاڵێك تێ ناپەڕێت.

خاڵی پێنجەم و کۆتایی ئەوەیە کە ساڵی خوێندن دەستی پێ کردووە و ڕووحانی و هاوکارانی تەنانەت بە قسەیەکیش یادێکیان لە بەڵێنییەکەی خۆیان نەکردۆتەوە، چ بگات بەوەی کە یاسای پێوەندیدار بۆی دابڕێژن و پەسەندی بکەن و لیژنەی تایبەت بۆ داڕشتنی کتێب و وەرگرتنی مامۆستا و بابەتەکانی دیکەی پێوەندیدار بەم پرسە دیاری بکەن.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین نە گۆڕانێك لە سیاسەتی هەمیشەیی و پێشووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەدی دەکرێت و نە زمانی دایکیی نەتەوەکانی ئێران لە چوارچێوەی سیستمی سیاسی و یاسای بنەڕەتیی ئەم ڕێژیمەدا پێگە و دەرفەتێکی بۆ خۆنواندن دەبێت.

# پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی ح.د.ک.ئ
# بە بۆنەی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن



مامۆستا تێکۆشەرەکان!
قوتابی و خوێندکارە بەڕێزەکان!
دایك و بابە زەحمەتکێشەکان!

ئەوا ساڵێکی دیکەی خوێندن لە تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی قەیرانخولقین و دژی ئازادی دەست پێ دەکاتەوە، بەو هۆیەوە قوتابخانەکان، دانشگاکان و بنەماڵەکان جموجۆڵێکی تایبەتییان تێدا پێك دێ و بە میلیۆنان لە قوتابی و خوێندکار ڕوو دەکەنە خوێندنگاکان بەو هیوایەی داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. دایك و بابەکانیش کە پشتگری بەوەفای بنیادنانی ئەو داهاتوویە بۆ ڕۆڵەکانیانن، بە تەحەموڵی ڕەنج و کاری بەردەوام تێدەکۆشن هەزینەی پێداویستییەکانی خۆشەویستەکانیان دابین بکەن.

ئەو ساڵیش لە جیاتیی خوێندن بە زمانی دایك، ڕۆڵە خۆشەویستەکانیان بە ناچاری خوێندن و قسەکردن بە زمانی فارسییان بە سەردا دەسەپێنن، زمانێك کە لێی بیگانەن. تەنانەت ڕێژیم دوای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ لە پەسندکردنی مادەی ١٥ی یاسای بنچینەیی خۆی کە لەوێدا مافی خوێندنی بە زمانی دایکی بە یاسایی داناوە، ساڵی خوێندنی ١٣٩٢ ـ ١٣٩٣ هەر بەشێوەی پێشوو درێژەی دەبێ.

ئێزنم بدەن لەلایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەو بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە هەموو ئێوە قوتابییان و خوێندکاران، تێکۆشەرانی ڕێگای زانست و فێربوون، مامۆستا زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەرەکان و دایك و بابەکان بکەم. ئێمەش هیوادارین کە ڕەنجی دایك و بابەکان و مامۆستا تێکۆشەرەکان لە لایەك و خۆماندووکردنی قوتابی و خوێندکارەکان لەلایەکی دیکەوە ببێتە هۆی پەروەردەبوون و پێگەیشتنێکی ئەوتۆ کە بتوانن داهاتوویەکی پڕ لە بەختەوەری بە بێ دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بنیات بنێن.

خۆشەویستان!

هەرچەند ئێوە ساڵانێکە لەژێر سێبەری ڕێژیمێکدا خوێندنتان تێپەڕ کردووە و شارەزایی تەواوتان بە سیاسەتی دژی زانست و پەروەردەی پێشکەوتووی کۆماری ئیسلامی هەیە، بەو حاڵەشەوە ئەم کاتەمان بە گونجاو زانی وەکوو مامۆستایەکی پێشووی ئاشنا بە دەرس و قوتابخانە ئاوڕێك لە هەلومەرجی ئێستای خوێندن لە ئێران بدەینەوە.

لە ئێوە شاراوە نییە کە مەبەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە قوتابخانە و دانشگا، پێگەیاندن و پەروەردەکردنی گەنجەکانی وڵات بە هزر و بیری پێشکەوتنخوازی و سەردەمیانە و داهاتوویەکی گەشاوەتر نییە، بەڵکوو جەمسەری هەموو تێکۆشانی لەو پێوەندیەدا دەگەڕێتەوە سەر پەروەردەکردنی جیلێك لەسەر بنەمای عەقڵییەتی دواکەوتوو، بۆ ئەوەی بتوانێ دەسەڵاتداریی خۆی لە داهاتووشدا بەسەر خەڵکدا درێژە بدا، بۆ ئەوەی جیلێکی ملکەچ تەحویلی کۆمەڵگا بدا کە لە جیاتی بیر کردنەوە لە ژیان بە ئازادی، ببنە پێچ و مۆرەیەك بۆ ماشینی سەرکوت و دیکتاتۆری ئەو ڕێژیمە. ناوەڕۆکی کتێبەکان، چاوەدێری کردنی وردی هەڵسوکەوتی قوتابی، خوێندکار و مامۆستا لە قوتابخانە و دانشگاکانیان و ناچارکردنیان بە بیر کردنەوە و هەڵسوکەوتێك کە لای ڕێژیم پەسەندە، دەرکردن و سزادانی ئەوانەی کە کەمترین گومانیان لەسەر بێ، یان بێبەش کردنیان لە خوێندن دەیان ساڵە بەسەر فەزای خوێندنگاکاندا زاڵە. ڕێژیم بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەرنامە دژە مرۆڤایەتییە لە هەموو توانای خۆی کەڵك وەردەگرێ. دابینکردنی قەڵەم و دەفتەر کە دروشمەکانی ئیسلامی حکوومەتی، یان وێنەی بە ناو شەهیدەکانیانی لەسەرە بە بێبەانبەر بەتایبەت لە گوندەکان بە ناوی یارمەتی وەڕ خستنی کاروانی "ڕاهیانی نوور" کە لەودا منداڵان بە زۆری دەبەن بۆ چاوپێکەوتنی شەڕگەکانی ڕێژیم کە لەوێدا ژمارەیەکی زۆر لە لاوەکانی ئەو وڵاتەیان بەکوشت داوە، وەك نموونەگەلێك لەو سیاسەتانەن کە بەسەر لاوەکانیدا دەسەپێنن بەو هیوایەی میشکیان بشۆنەوە. لە ساڵی ١٣٦٨ هەتا ١٣٩٠، ١٠٠ کەس لەو قوتابییانە لە کاروانی "ڕاهیانی نوور" لە ڕووداوەکانی هاتووچووودا بریندار و ٧١ کەسیان کوژراون. تەنیا لە ساڵی خوێندنی ڕابردوو ٢٦ کەس لەو سەفەرانەدا گیانیان لەدەست دا.

سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژیم لەو بەرنامانەیدا بە ئاکام نەگەیشتووە و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەکەوێتە بەر ڕق و بێزاریی لاوەکان، بەڵام بەو حاڵەشەوە و بە بێ لەبەر چاو گرتنی خەسارە گیانییەکان ئەو بەرنامانە هەروا درێژەیان هەیە.

ئیمکانات و پێداویستییەکانی قوتابخانەکانیش بۆ خۆی تراژیدییایەکە، بێجگە لەوەی کە لەبەر کەمیی بینا زۆربەی قوتابخانەکان بە شێوەی دوو شیفت و سێ شیفت بەڕێوە دەچن کە شوێندانەریی نێگەتیڤی زۆری لەسەر خوێندن و پێشکەوتنی قوتابییان پێکهێناوە، شێوەی گەرمکردنی

> **زۆربەی قوتابخانەکان بە شێوەی دوو شیفت و سێ شیفت بەڕێوە دەچن کە شوێندانەریی نێگەتیڤی زۆری لەسەر خوێندن و پێشکەوتنی قوتابییان پێکهێناوە**

قوتابخانەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زوو، ئەوەش بۆەتە هۆی ئەوەی لە وەرزی زستاندا ڕۆژانە خەبەری ئاور گرتنی قوتابخانە و قوتابییان لێرە و لەوێ ببیستین. لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوییەوە هەتا ١٣٩١ لە شوێنە جیاجیاکانی ئێران سەرجەم ٧٢ قوتابی و مامۆستا بە هۆی ئاورگرتنی قوتابخانەوە بریندار و چوار قوتابیش گیانیان لەدەست داوە. کە باسی ئەم ڕووداوە تاڵانە دەکەین، ئاورگرتنی قوتابخانەی شیناوێی پیرانشارمان بیر دێتەوە کە لە بەفرانباری ساڵی پار ڕووی دا و ٢٨ قوتابیی کچ بریندار بوون دوو قوتابیش گیانیان لەدەست دا، ئەو ڕووداوە هەموو کوردستانی ماتەمبار کرد.

بەڵام دەردی سەرباری هەموو ئەو کەموکوڕییانە بارودۆخی ژیان و گوزەرانی مامۆستایانە، لە وڵاتێك کە ئێستا هەر بە وتەی کاربەدەستانی ڕێژیم ئاستی ئاوسانی دراو گەیشتووەتە ٣٩٪، ڕادەی مووچەی مامۆستایان ئەوەندە کەمە کە لە زۆر شوێن تەنانەت بەشی کرێ ماڵەکانیان ناکا، مووچەی ئیزافەکاری لەگەڵ ئەوەی زۆر کەمە زۆر جار ٥ هەتا ٦ مانگ وەدوا دەکەوێ. هێندێك یارمەتیی ماڵی بۆ مامۆستایان بە شێوەی فەرمی لەبەرچاو گیراوە وەك، "بیمە تەلایی"، حەقی نیشتەجێ بوون و هێندێکی دیکە، یان نایاندەنێ یان بە کەموکورتی و چەند مانگ جارێك وەری دەگرن. ئەوە وەزعی ئابووریی ئەو مامۆستایانەیە کە بە شێوەی فەرمی دامەزراون، بەڵام لەوان خراپتر وەزعی ئەو بەشە لەو مامۆستایانەیە کە بە شێوەی "حق التدریس" بە مووچەیەکی زۆر کەمتر و بە بێ بیمە و ئیمکاناتی دیکە کار دەکەن و زۆر جاریش بە بەهانەی سەیر و سەمەرەوە کارەکانیان لێ وەردەگرنەوە.

وەزعی ناڵەباری ژیان، داهاتی کەم و خەرجی گرانی گوزەران کە ڕۆژبەڕۆژیش دەچێتە سەرێ، بووەتە هۆی ئەوەی مامۆستایان بۆ دابین کردنی لانیکەمی ژیانیان لە ڕۆژدا ٢ یان ٣ کار بکەن، ئەوەش بۆەتە هۆی ئەوەی کە کاری مامۆستایەتی وەك کارێکی لاوەکی چاو لێ بکرێ و شوێندانەری نەرێنی لەسەر ڕادەی فێرکردن دابنێ.

خۆشەویستان ئەوەی باسمان کرد کورتەیەك لەو هەموو نەهامەتی و کەند و کۆسپانەیە کە قوتابی و مامۆستا لە وڵاتی ئێمەدا ڕۆژانە لەگەڵی بەرەوڕوو دەبنەوە.

ڕەنگە پرسیارێکی سەرەتایی لێرەدا ئەوە بێ کە وڵاتی ئێران بەو هەموو داهاتە زۆرەی نەوتەوە بۆچی دەبێ خەڵکەکەی بەتایبەت قوتابی و مامۆستاکان کە بنیات نانی داهاتووی ئەو وڵاتە لە سەرشانی ئەوانە، لە هەلومەرجێکی ئاوا دژواردا ژیان بەسەر بەرن؟

وڵامی ئەو پرسیارە بۆ خۆی باسێکی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام بە کورتی دەڵێین سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە کە دەبێ بۆ ئاوەدان کردنەوە، فەراهەمکردنی هەلی کار و ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمە بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەتایبەت پەروەردە سەرف بکرێ، سەرفی شەڕێکی ماڵوێرانکەر لە سووریە دەکرێ بۆ پشتیوانی لە بەشار ئەسەدێك کە بە وتەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان هەتا ئێستا زیاتر لە سەد هەزار کەس لە هاووڵاتییانی خۆی تەنانەت بەچەکی شیمیایی کوشتوە، بە سەدان هەزار کەسی بریندار کردووە، وڵاتەکەی وێران کردوە و ١ لەسەر ٣ی خەڵکەکەی لە ترسان وڵاتیان بەجێ هێشتوە. سەرفی پڕچەك کردن و بەهێز کردنی حیزبوڵڵای لوبنان دەکرێ و دەچێتە کیسەی تاقمە تیرۆریستەکان لە ناوچە و جیهاندا.

لە نێوخۆی وڵاتیش هەموو ئاگادارن کە چۆن دەسەڵات بەدەستەکان بەر بوونەتە بەتاڵان بردنی دارایی ئەو وڵاتە کە نانی ئەو خەڵکەیە.

بەڵێ خۆشەویستان ئێستا هەموو دارایی و داهاتی زۆر و زەوەندی ئێران، سەرفی کوشتن و وێرانی لە دەرەوەی وڵات و دزی و تاڵانی دەسەڵاتداران لە ناوخۆ دەبێ. ڕزگاری لەم ڕۆژ ڕەشییە پێویستی بە وریایی و یەکگرتوویی هەیە هەتا بتوانین ئەو سیستمە دەسەڵاتدارییە لە ئێران لابەرین و حکوومەتێك بنیاد بنێین کە هی خۆمان بێ و لە خزمەتی خەڵکدا بێ.

لەو پێوەندییەدا هەموومان ئەرکمان لەسەر شانە، بەڵام ئەرکی مامۆستایان لە لایەك و خوێندکار و قوتابییان وەك توێژی لاوی کۆمەڵگە قورسترە، با هەموومان ئەرکی خۆمان بە باشی بەڕێوە بەرین و بنوارینە داهاتوویەکی گەش بەدوور لە زوڵم و زۆرداریی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، ئێمەیش دەتوانین بەو داهاتوویە بگەین هەروەك چۆن گەلانی دیکە پێی گەیشتن.

به هیوای ئەو ڕۆژانە

هەر سەرکەوتوو و لە بەڵای ڕێژیم بە دوور

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی

---

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### سەرۆک وەزیرانی تورکیە بەستەیەکی پێشنیاریی ڕاگەیاند

ڕۆژنامەی "نیۆیۆرك تایمز" ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی بەقەڵەمی "سێبنێم ئارسو" لەسەر بەستەی پێشنیاریی ئەمدواییانەی ڕەجەب تەیب ئۆردۆغان، سەرۆك وەزیرانی تورکیە بۆ چاکسازی لەو وڵاتە و پەرچەکردارەکان لەو بوارەدا بڵاو کردەوە. بەشی سەرەکیی ڕاپۆرتەکە باسی پرسی کورد و بەشە پێوەندیدارەکانی بەستە پێشنیارییەکە بەم پرسە دەکات.

لە سەرەتادا هاتووە: "سەرۆك وەزیران، ڕەجەب تەیب ئۆردۆغان ڕۆژی دووشەممە بەستەیەکی لایحەکانی ڕاگەیاند کە وا دەرکەوت لە پێناو بووژانەوەی پرۆسەی ڕاگیراوی ئاشتی لەگەڵ نەتەوەی کوردی ئەو وڵاتەدایە کە زیاتر لە چەند دەیەیە دژی دەوڵەتی تورك شەڕ دەکەن. بەڵام ڕێبەرانی کورد بە شێوەیەکی بەرین لایحەکانیان بە بێ بایەخ زانیوە و وتوویانە کە بە هۆی ئەمەوە دەکرێ لە داهاتوودا هەوڵەکانی ئاگربڕی شەڕێك کە دەگوترێ لە سەرەتای ١٩٨٠کانەوە گیانی نزیك بە چل هەزار کەسی ئەستاندووە، بکەوێتە مەترسییەوە.

بەڕێز ئۆردۆغان وتی دەوڵەت لە بەرامبەر بەربەستە درێژماوەکانی سەر کەڵکوەرگرتن لە زمانی کوردی نەرمی لە خۆی دەنوێنێ و لە سیستمی هەڵبژاردندا گۆڕانکارییەك پێك دێنێ کە دەتوانێ ئاسانکارییەك بێ بۆ حیزبە کوردییەکان کە کورسیی پارێزراویان لە پارلماندا هەبێ. بەڵام هەنگاوی وای ڕانەگەیاند کە ڕەنگ بوو کوردەکان چاوەڕێیان دەکرد، لەوانە ئازادکردنی چالاکانی کوردی بەندکراو.

گولتێن کیساناك، ڕێبەری حیزبی ئاشتی و دیمۆکراسیی لایەنگری کورد لە دەربڕینێکی تەلەفزیۆنیدا وتی: "دەتوانم بڵێم کە بەستەکە توانایی زاڵبوونی بەسەر خاڵە جێی ناکۆکەکانی پرۆسەی ئاشتیدا نییە".

لە بەشێکی دیکەدا نووسراوە: "حیزبی خاتوو کیساناکی زۆر نزیکە لە حیزبی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، سەرەکیترین گرووپی ڕاپەڕیو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەرچەسپی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لێداوە. ئەو خاتوونە بەتایبەت باسی ئامانجی لایحەی زمانی کوردیی کرد کە ڕێگە بە زمانی کوردی دەدا کە لە قوتابخانە تایبەتییەکاندا بگوترێتەوە نەك لە قوتایخانە دەوڵەتییەکاندا. ئەو وتی: "ئەوە سووکایەتی بە خەڵکی کوردە کە بگوترێ، دەتوانن زمانی دایکیتان وەکوو زمانێکی بیانی لە قوتابخانەیەکدا ئەویش ئەوکاتە کە پارەی بۆ بدەن، فێر بن".

سەرەڕای ئەمە، بەڕێز ئۆردۆغان هەنگاوی دیکەیشی بۆ بەرینترکردنی پانتایی کەڵکوەرگرتن لە زمانی کوردی ڕاگەیاند، پێکهاتەیەکی یاسایی بۆ گوندەکان خستە ڕوو کە ناوی کوردییان لەسەر دابنێرێتەوە و قەدەغەبوونی کەڵکوەرگرتن لە پیتەکانی Q، W و X نەمێنێ کە بە زۆری لە دەربڕینی کوردیدا و نەك لە تورکیدا بەکار دەچن."

لە کۆتاییدا هاتووە کە: "ڕێبەرانی تورك پارەکە پرۆسەی ئاشتییان لەگەڵ پەکەکە و ڕێبەرە بەندکراوەکەی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەست پێکرد، پەکەکە لە مانگی مارسدا ئاگربڕی ڕاگەیاند و دەستی بە پاشەکشەی چەکدارەکانی لە تورکیە بەرەو مەقەڕەکانی لە باکووری عێراق کرد. بەڵام دوائاشتی بەستراوەتەوە بە بەڵێنییەکانی چاکسازیی سیاسی کە پاش تێپەڕینی چەند مانگ کە بەکردەوە هەنگاوێکی کردەکی هەڵنەگیرا، پەکەکە لە سێپتامبردا ڕایگەیاند کە ئەوە بەربەستێك بووە لە بەرامبەر پاشەکشەی هێزەکانی".

سەرچاوە:
Newyorkrimes.com

# سێ دڕندە




عارەب،
کانیلە چەک دەکات
ژەهر دەکاتە هەناوی،
رووبار و شەت.
ئەی کەی ،
بە جووتیارە ڕەشتاڵەکان بڵێین،
کوڕینە خەرمان بەرەکەت؟

عەرەب دەڵێ،
ئێمە سێبەری خوداین
ئێمەین و بەس.

فورس،
دەست دەنێتە ،
بینە قاقای لاوەکانمان
تا دوا نەفەس.

تورک،
هەڵۆکانمان ، دەخاتە ناو
کونجی قەفەس.
ئەی کەی بە یەکتری بڵێین
ئازادیتان باش،
کوڕانی قەقنەس.

خودایە...
ئەتاتورک ، بخەیتە ناوەندی جەحیم.
ئەردەشێر، بکەی بە ڕێوی ، زەلیل و یەتیم.
خودایە...
لە عارەبی بستێنەوە،
تیری فەرموودەو
شمشێری قورئانی قەدیم .

عەرەب ، مەکتەب دەڕووخێنێ.
تورک، کتێب دەسووتێنێ.
فورس، ڕێ بەمین دەچێنێ.
ئەی چۆن،
زارۆکانمان بچنە بەر خوێندن !

فورس ،
گەردنی باران،
دەخاتە ناو قەفی پەت.

تورک،
زمانی مەزرا داغ دەکات
جەرگی ئاو دەکا لەت و پەت.

# قەسیدەکان



نیان فاتمی

قەسیدەکان
مردوون
دڵ
بۆ نیشتمانی جەستە
شۆڕش ناکا
تەنانەت
رووت بوونەوە
لە شێعریشا قەدەغەیە
*

ئەگەر پرسیاریان کرد
ڕەنگی وڵاتی تۆ لەچی دەچێ
بڵێ
شێوەی گێلاسێکی کێوی ئەدا
کە بەدەم هەتاوەوە
ئاڵ و بۆڵ دەبێ



# ئەو شەهێنەی نەدەفڕی

پاشایەك دوو بەچکە شەهێنی بە دیاری بۆ هات، هەردووکیانی سپارد بە ڕاهێنەری تایبەتی بارەگاکەی خۆی بۆ ئەوەی بۆ ڕاو دەستەمۆیان بکات.

پاش مانگێك، ڕاهێنەر هاتە لای پاشا و گوتی یەکێك لە شەهێنەکان دەستەمۆ بووە و ئامادەی ڕاوە، بەڵام نازانم چی ڕوویداوە هەرچی دەکەم ئەویدیکەیان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە لەسەر لقی دارەکە دامناوە لە جێی خۆی نەجووڵاوە.

ئەم بابەتە سەرنجی پاشای ڕاکێشا و فەرمانی کرد دوکتورەکان و ڕاوێژکارەکانی بارەگاکەی هەوڵ بدەن ئەو شەهێنە بفڕێنن. بەڵام هیچیان نەیانتوانی.

ڕۆژی دواتر پاشا فەرمانی کرد جاڕ بدەن و بە هەموو خەڵك ڕابگەیەنن کە هەرکەس بتوانێت ئەو شەهێنە بفڕێنێت خەڵاتێکی باش لە پاشا وەردەگرێت. ڕۆژی دواتر پاشا بینی کە شەهێنەکەی دیکەش بە کارامەیی تەواوەوە دەفڕێت. پاشا ئەمری کرد ئەوەی ئەو موعجیزەیەی کردووە بیهێنن. پیاوەکانی پاشا وەرزێرێکی ساکار و خاکەڕایان هێنایە لای پاشا و گوتیان ئەم پیاوە شەهێنەکەی دەستەمۆ کردووە.

پاشا پرسیاری کرد:" تۆ وات کردووە شەهێنەکە بفڕێت؟ چۆن وات کردووە؟ ڕەنگە تۆ جادووکار بیت؟

وەرزێر گوتی:" گەورەم زۆر سانا بوو، من تەنیا لقی بن شەهێنەکەم بڕییەوە. شەهێنەکە تێگەیی باڵی هەیە و دەستی کرد بە فڕین.

سەرچاوە:
/https://groups.google.com

# بڵاوکراوەی نوێ

**ڕوانینێك لە ناوەوە بۆ بزووتنەوەی چەپی ئێران**

بزافی چەپ پاش سەردەمی مەشروتە، بەشێکی هەرە گرینگ لە سەدەی بیستەمی ئێران لەخۆ دەگرێت. راڤەی ئەم بڕگەیە لە مێژووی ئێران تێگەیشتن لە مێژووی ئەو وڵاتە زێدە دەکات. ئەم کتێبە دیمانەیەکی "حەمید شەوکەت"ە لەگەڵ "مێهدی خانبابا تارانی"، کە لە لایەن کاك شۆڕش گوڵکار پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. مێهدی خانباباخانی کەسایەتییەکی چەپی ئێرانە کە ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکانی ئەم نیو سەدەیەی بزافی چەپی ئێراندا بەشدار بووە و هەردەم دۆستێکی بە وەفای گەلی کورد بووە. وێڕای دەستخۆشیمان بۆ کاك شۆڕش، هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازین.





وەرگێڕان: ئەمیر رەحمەتی

# فۆتۆژورنالیسم چیه و چ پێوەندییەکی لەگەڵ ژورنالیسم هەیە؟

پێناسەی جۆراوجۆری ئەم رشتەیە، پێوەندی لەگەڵ وێنەگری هونەری و رۆژنامەنووس، ئامانج و مەرامەکان و ئەخلاقی وێنەگری خەبەری و تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە وێنەگرییە لەو بابەتەدا دێنە بەرباس.

فۆتۆژورنالیست چیە؟

١ـ فەن و هونەرێکە کە بۆ بەیانکردنی وێنەگری بەکار دێت هەتاکوو ژیان و... بەڵگەمەند بکات. دیاردەیەکی جیهانییە و پێوەندی بە هەموانەوە هەیە کە لە چوارچێوەی زمان و فەرهەنگ و کلتوور تێدەپەڕێ. فۆتۆژورنالیسم ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ لای چیرۆك یا باسێکی بەیانکراو. وەکوو ئەو وێنانەی کە لە راگەیاندن و میدیا هەواڵنێرییەکان، گۆڤارەکان، کاتنامەکان، حەوتوونامەکاندا دەبینین، ئەو وێنانە دەتوانن هەڵگری وێنەگریی دێکۆمێنتدار، وێنەگریی تەبلیغاتی، وێنەگریی نێو گۆڕەپان، وێنەگریی وەرزشی، ژیانی رۆژانە، ویست و داخوازیی مرۆڤەکان وێنا بکەن. بەڵام خاڵێکی گرینگی ئەو باسە ئەوەیە کە: لە فۆتۆژورنالیسمدا نیشاندانی وێنە لە سەرەوەی قەزاوەتەکاندایە. یانی دەبێ وێنە، ئەوانی دیکە ناچار بە دادوەری بکات. کە وایە پێویستە بە وێنەگرانی "خەبەری" بگوترێ کە: هەوڵ نەدەن کە دادوەریی خۆیان بە سەر وێنەدا بسەپێنن. لە فۆتۆژورنالیسمدا، سەردێڕ یان نێوئاخن و ناوەرۆك لە سەرەوەی وێنەیە و دەبێ هاوکاریی گوێگران و بینەران و ئەو کەسانەی کە دادوەری دەکەن، بکات کە خۆیان چیرۆك و داستان یان رووداو بدۆزنەوە.

٢ـ رۆژنامەنووسگەلێك هەن کە چیرۆك و داستان لە رێگای وێنەکانەوە بەیان دەکەن. دەکرێ ئاوای لێکدەینەوە کە لە بیر و مێشکی رۆژئاواییەکاندا، فۆتۆژورنالیسم "تەك فرێم" نیە. لەبەر ئەو هۆکارەشە کە هەمیشە یەك "فیچر" یان راپۆرتێکی وێنەی جیاوازیان هەیە و یەك "تەك فرێم". کە تەك فرێم لە راستیدا چڵەپۆپەی راپۆرتی وێنەیە.

٣ـ پێناسەی دوایی کە لە فۆتۆژورنالیسم دەکرێ بەیانی کەین، ئەوەیە کە : شێوەیەکی تایبەت نیە لە ژورنالیسم کە وێنەکان دەخولقێنێ تاکوو چیرۆك و بەسەرهاتە هەواڵییەکان دووبارە کاتەوە. هەر چەند زۆر جار وا تێدەگەن کە لە سەر بنەمای تەك فرێمە، کە لە حاڵێکدا وانیە. لە حاڵەتی گشتیتردا بە بابەتە گرینگ و جیددییە وێنە کراوەکان دەگوترێ.

پێوەندی نێوان وێنەگری و هەواڵنێری:

پێوەندی وێنەگر و هەواڵنێر لە چ راستایەکدایە. ئەوە پرسیارێکی کلیدی و سەرەکییە کە جیاوازییەکەی دەبێ لە راگەیاندنەکاندا روون بکرێتەوە. پێویستە کە هەم هەواڵنێر و هەمیش فۆتۆژورنالیست بزانن کە چۆن و بە چ پلانێك دەبێ لە چ وەخت و کاتێکدا بەرەو لای سووژەکە بچن. بۆ نموونە: ئەگەر هەم وێنەگر و هەمیش هەواڵنێر بۆ ئامادەکردنی راپۆرتی رووداوێکی تەقینەوە لە نێو فرۆکەخانەیەکدا لە کاتی خۆیاندا ئامادە بن. کام یەك لەوان و لە چ دۆخێکدا هەواڵ ئامادە بکەن؟ ئایا فۆتۆژورنالیست دەتوانێ گوێ نەداتە رێنماییەکانی هەواڵنێر و خۆی هەرچی پێی خۆش بێ وێنەی لێ هەڵبگرێتەوە؟ ئایا راپۆرتێر دەتوانێ بە بێ پێویستییە وەسفییەکانی وێنەیەکی کە فۆتۆژورنالیست گرتوویەتی سەرنجی پێ نەدات؟

ئایا دەکرێ وێنە و وێنەکان لەسەر مێزی سەر نووسەرەکە دابنرێت و بڵێین: نازانین ئەو وێنە چ شرۆڤە و باسێکی لە سەر بنووسرێت! یان هەواڵنێر بڵێ ئەمن بە هیچ شێوەیەك وێنەکانی ئەو وێنەیە ناناسم و نازانم کێن؟ ئەگەر بڕیار وابێت کە بۆ نموونە ئیپێك یان تێمك رەوانەی لوبنان بکرێت، چ کەسێك دەبێ سەرپەرست یان لیدێری کار و ئەرکەکان بێت؟

وڵامدانەوە بەو پرسیارە تەنیا گۆشەیەك لە جیهانی رۆژنامەنووسی و فۆتۆژورنالیسمە. بە باوەڕی من فۆتۆژورنالیسم لە بەستێنی ژورنالیسمدا قەدی کێشاوە و هەنووکە بۆتە کۆڵەکەیەکی سابێت و کاری هەواڵی سەربەخۆ.

سەرچاوە: همشهری آنلاین

## ئەبزوردیسم

ئەبزوردیسم کە هێندێك جار بە"واتا دۆڕاو"یش پێناسە دەکرێ بە هۆی تیاتر و بەرهەمی نمایشنووسانێك وەك ساموئێل بێکت، ئۆژن یونسکۆ، هارۆڵد پینتر و وودی ئالن هاتە نێو بواری درامەوە و بووە جێی سەرەنجی سینەماکاران. ئەبزوردیسم دەربڕی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤ لە جیهانێکدایە کە بە هۆی گەشەی ئاستی تێگەیشتوویی مرۆڤی مودێرن لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دیاردەیەك وەك مەرگ تووشی نائومیدی و دارمانی دەروونی" واتادۆڕاوای" دەبێ.

هەواڵ

## فیلمی سینەمایی "سەبارەت بە ١١١ کچ" نمایش کرا

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، فیلمی سینەمایی "سەبارەت بە ١١١ کچ About ١١١ Girls" لە دەرهێنانی هاوبەشی سینەماکارانی کورد ناهید قوبادی و بیژەن زەمانپیرا لە نوێترین بەشداریی نێونەتەوەیی خۆیدا و بە نوێنەرایەتیی لە هەرێمی کوردستان رێکەوتی ١١ی رەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، لە دووەمین بەشی فیلمەکانی لەنزی فیلمی جیهانی Global Lens films لە ئاکادیمیای فیلم "پۆڕت تاونسێند Port Townsend" لە شاری واشنگتۆن لە وڵاتی ئامریکا نمایش کرا.

فیلمی سینەمایی "سەبارەت بە ١١١ کچ" لە دوایین بەشداری نێونەتەوەیی خۆیدا بە نوێنەرایەتیی لە هەرێمی کوردستان لە دوو سانسی جیاوازدا لە ڕێوڕەسمی دەستپێکردنی شەشەمین خولی خەڵاتی لەنزی فیلمی جیهانی Global Lens films لە کۆلێژی ناوەندی هونەرە جوانەکانی ئۆلین لە شاری لویستۆن لە ویلایەتی مین لە وڵاتی ئامریکا نمایش کرا.

## داهاتی نمایش کردنی فیلمی سینەمایی "خۆشەویستی" تەرخانی قوتابیانی قوتابخانەی شیناوێ دەکرێت

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، فیلمی سینەمایی خۆشەویستی رۆژانی ٧، ٨ و ٩ی رەزبەر بە زمانی کوردی لەشاری پیرانشار دەچێتە سەر پەردەی سینەما.

ئومید مستەفاپوور و رەحیم دانێش ئامووز دەرهێنەر و نووسەری ئەو بەرهەمە سینەماییە، داهاتی نمایش کردنی فیلمەکەیان لە پیرانشار پێشکەش بە کچە قوتابیانی شیناوێ کرد.

لەو فیلمەدا ١٢ ئەکتەری شاری نەغەدە رۆڵ دەبینن و بڕیارە لە رۆژانی دیاری کراودا لە مەکۆی فەرهەنگی شاری پیرانشار نمایش بکرێت.

مانگی سەرماوەزی ساڵی١٣٩١ی هەتاوی ٣٧ کچە قوتابیی قۆناغی سەرەتایی بە هۆی گڕ گرتنی سۆبەی پۆلەکەیان لە قوتابخانەی گوندی شیناوێی پیرانشار، سووتان و دوو کەس لەو قوتابییانە گیانیان لەدەست دا.




بێ دوان...

## خەڵاتی ئێمی

وەرگێڕان: سمایل رەحمانی



خەڵاتی ئێمی، خەڵاتێکی ئامریکاییە کە بە بەرهەمە تلویزیونییەکانی ئامریکا دەدرێ. ئەم خەڵاتە بە گشتی

بەرانبەرە لەگەڵ خەڵاتی ئۆسکار بۆ سینەما و گرەمی بۆ موسیقا و هەروەها تونی بۆ شانۆ.

خەڵاتی ئێمی لە لایەن سێ رێکخراوی هاوپێوەندی بەڵام سەربەخۆ لە یەکتری بە براوەکان دەدرێ کە بەم شێوەیە.

١. ئاکادێمی هونەر و زانستی تلویزیون کە خەڵاتی میللی دەدات بەو بەرنامانەی کە لە سەرەتای شەوەوە بڵاو دەبێتەوە و غەیری وەرزشییە.

٢. ئاکادیمی نێونەتەوەیی هونەرەکان و زانستی تلویزیون، خەڵاتی ئێمی دەدات بە بەرنامەکانی رۆژانەی وەرزشی و هەواڵ و دێکۆمێنتاری تلویزیونی ئامریکا.

٣. ئاکادێمی نێونەتەوەیی هونەرەکان و زانستی تلویزیون خەڵاتی ئێمی دەدات بەو بەرنامە تلویزیونانەی کە لە دەرەوەی ئامریکا بەرهەم دەهێنرێ.

دوو خەڵاتی یەکەم ناوبانگی زۆریان هەیە و بە ناوی خەڵاتی "داهێنەرە هونەرییەکانی ئێمی" ناسراون.

مێژووی ئەم خەڵاتە واتە "ئێمی" بۆ ساڵی ١٩٤٩ی زایینی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەردەوام خەڵاتەکان ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتووە.

رێوڕەسمی خەڵاتی ئێمی هەموو ساڵێك لە ناوەڕاستی مانگی سێپتامبردا، پێش دەسپێکی پاییز بەڕێوە دەچێ.

خەڵاتی ئێمی ساڵی ٢٠١٣ لە لوس ئانجلس بەڕێوە چوو و کۆمەڵێك بەرنامەی جۆراوجۆری تلویزیونی ئامریکا خەڵاتیان وەرگرت.

# ئێعدام شێوازێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی

شەماڵ تەرغیبی

ئێعدام یان لەسێدارەدانی هاووڵاتیان یەکێك لەو سزا سەدە نێوەڕاستییانەیە کە سەرەڕای یاساغ بوونی لە ١٤٠ وڵاتی جیهان و کۆنوانیسیۆن و بڕیارنامە نێونەتەوەییەکان هەنووکەش لە ٢١ وڵاتی جیهان، یەك لەوان ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەچێت کە تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا ئەم دیاردە بە مەبەست و ئامانجی پشتی پەردە لە بەرچاوی ڕای گشتی ئەنجام دەدرێت. ئەگەرچی هەندێك کەس و لایەن دڵیان بەوە خۆش کردبوو کە بە هاتنی دەوڵەتی "اعتدال" ئازادییەکان پەرەدەستێنن و سزای نادادپەروەرانەی وەك ئێعدام دەرناکرێت، بەڵام دەرکەوت کە ئەمە تەنیا خەونێکی بێ بنەمایە. بەپێی ئامارەکان لەکاتی هاتنەسەرکاری حەسەن ڕووحانییەوە تاکوو کۆتایی مانگی خەرمانان، ١٧٣ کەس لە ئێراندا ئێعدام کراون و هەنووکە تەنیا لە زیندانی دیزڵئابادی کرماشان زیاتر لە ٣٠٠ کەس چاوەڕێی بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامەکەیان دەکەن. چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاویان کردووەتەوە کە تەنیا لە ماوەی ٤ ڕۆژی یەکەمی مانگی ڕەزبەردا لانیکەم ٢٣ کەس لە ئێران لەسێدارە دراون. پێشتریش لە ڕێکەوتی پێنجشەممە ٢٨ی خەرمانان، ٨ کەس لە زیندانی ناوەندیی یەزد لەسێدارە دراون کە ٣ کەسیان ژن بوون. دوو ڕۆژ دواتریش دادستانی ئینقلابی قەزوین هەواڵی ئێعدام کرانی ٤ کەسی لە زیندانی قەزوین پشتڕاست کردەوە.

چالاکانی مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی لە ئێرانیش ئاشکرایان کردووە کە لە زیندانی ناوەندیی زاهێدان تەنیا لە ١ ڕۆژدا ٤ کەس ئێعدام کراون. هەر لە درێژەی ئەم هەواڵانەدا سایتی کوردپا بڵاوی کردووەتەوە کە ڕۆژی ٢٠ی خەرمانان کەسێکیان بە ناوی مەنسور کەرەمی لە دیزڵئابادی کرماشان و فەردین محەممەدی و ٣ کەسی دیکەش لە ڕەجایی شاری کەرەج لە ڕێکەوتی ٢٧ی خەرماناندا ئێعدام کراون. هەر ئەو سەرچاوە ئاشکرای کرد کە دیوانی بەرزی ئێران حوکمی ئێعدامی ٢ هاووڵاتیی کوردی بە ناوەکانی حەبیب ئەڵمانی و ئازاد ئەمانی خەڵکی سەڵماس، ڕاگەیاندووە. ئەگەرچی ئەوەیکە باس کرا پرسێکی نوێ نیە و بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەبووە، هەر لە قەڵاچۆ و ئێعدام کردنی نەیارانی ڕێژیم لە سەرتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بگرە تا دەگاتە کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی و دواتریش قەتڵە زنجیرەییەکان و پاشانیش کوشتن و لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی لە ژێرناوی جۆراوجۆری وەك دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم، تێکدانی تەکوزی گشتی، سیخوڕی بۆ بێگانە و هەوڵدان بۆ "ڕووخاندن" و هتد، بەڵام دوو پرسی جێگەی سەرنج سەبارەت بە ڕەوتی ئێعدامەکان لە ئێراندا بوونیان هەیە کە پێویست بە ئاماژەیە. یەکەم ئامانجی ڕێژیم لە ئێعدامەکان لە کوردستان و دووهەم هۆکارێکی نادیار بەڵام گرنگی ئێعدامەکان کە دەکرێ وەك یەکێك لە دەرنجامەکانی پرۆسەی ئیعدام و لەسێدارەدانەکان بێتە ئەژمار. کۆماری ئیسلامی بە باشی دەزانێت کە کوردستان تەنیا سەنگەر و مەتەرێزی ڕیشەدار و نەهادینەبووی خەبات و بەرخۆدان لە هەموو ئێرانە. هەر بەم هۆیەوە ڕێژیم بە بەردەوامی بە هستیارییەکی تایبەتەوە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی کوردستان کردووە. هەستیارییەکی ئاوێتە بوو بە ترس، هەربۆیە دەیهەوێ لە ڕێگەی ئێعدام و لە سێدارەدانی چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی کورد لەلایەکەوە ڕێگا لە پەرەسەندنی هزری ئازادیخوازی بگرێت و لەلایەکی دیکەشەوە بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن تووی بێ هیوایی لە ناخی گەلی کورددا بچێنێت. بەڵام پرسی دووهەم کە وەك ئاماژەی پێکرا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، دەرنجامی ئیعدامەکان لە سەرکۆمەڵگایە کە بە شێوازێك بە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژییەکان دەژمێڕدرێ.

وەك دەڵێن توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دەهێنینەوە. چ ئەم توندوتیژییە دەوڵەتی بێت و بە سەر خەڵکدا بسەپێنرێ و چ لەلایەن تاکێکەوە بە سەر تاکێکی دیکەدا ئەنجام بدرێت. کۆماری ئیسلامی سێ ئامانجی دیاریکراوی لە بەڕێوەبردنی ئیعدامەکان بەتایبەت لە پێش چاوی جەماوەر یان بڵاو کردنەوەی هەواڵەکەی لە تلویزیۆن و هەواڵدەرییەکان هەیە: یەکەم، چەشنێك لە سووکایەتی پێکردنی تاکەکەسی. سوکایەتی بە تاکێکی تاوانبارکراوە کە تاوانەکەی هیچ پێوەندییەکی بە ڕێژەی سوکایەتییە کۆمەڵایەتییەکەیەوە نییە و ئەمەش لە سادیسمی سەرانی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئامانجی دوهەم بریتییە لە پەرەدان بە ڕۆحی توندوتیژی و تۆڵە سەندنەوە و شەڕنگێزی لەلایەن دەوڵەت و ئامانجی سێهەمیش کە جۆرێك لە ڕێگرێشە لە هەڵوێست وەرگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕین و پێوەندیی هەیە بە پێش و پاش ئیعدامەکان، بە واتایەکی دیکە حکومەت هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئێعدام کردنەوە ڕێگە لە دژکردەوەی ڕێکخراوەیی و جەماوەری و کۆمەڵایەتی بگرێت.

بەپێی زانستی کۆمەڵناسی، کوشتنی مرۆڤێك بە هەر هۆیەکەی یاسایی یان نایاسایی لە پێش چاوی خەڵك دەتوانێت پەرە بە کلتوری توندوتیژی لە کۆمەڵگادا بدات. تەنیا جیاوازیی نێوان ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی دەیکات لەگەڵ ئەویکە لە بەستێنی کۆمەڵگادا جارجار دەبینرێ لەوەدایە کە کۆماری ئیسلامی بە ناوی یاساوە مرۆڤەکان دەکوژرێت و پەرە بە توندوتیژی دەدات، بەڵام تاکەکان لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی تایبەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوریی یان مەزهەبی توشی وەها دیاردەیەك دەبن.

یەکێك لە پاساو و بیانووەکانی ڕێژیمی تاران بۆ ئەنجامدانی ئەم کردارە نامرۆیی و هۆڤانییە، بریتییە لەوەی کە وەك خۆی دەڵێت دەیهەوێ وانەیەك بێت بۆ کەسانی دیکە. بەڵام کاتێك ئاوڕ لە کارنامەی ڕەشی سێ دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە، دەبینین کە سەرەڕای ئەنجامدانی ئەو هەموو ئێعدامە هێشتا ڕێژیم نەیتوانیوە تاوانەکان بنبڕ بکات. کەواتە دەتوانین بڵێین ئێعدام کردن ناتوانێ ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئەنجامدانی لادانە یاساییەکان بێت. تەنانەت بەرپرسانی کۆماری ئاخوندی بۆ ڕەوایی بەخشین بەم پرۆسە دژە ئازادییانە کەڵکاژۆ لە ناو و پیرۆزیی دینیش وەردەگرێت و بە داتاشینی فتوا و بڕیاری سەیر و سەمەرە، ڕەوایی بۆ کارە ناڕەواکانی دەدۆزێتەوە.

بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی وەك دەرنجامی ئێعدامەکان بە شێوەیەکی زنجیرەئاسا خۆی دەنوێنێ: حکومەت لە پێش چاوی خەڵکدا تاکەکان ئێعدام دەکات و تووی توندئاژۆیی لە ناخ و هرزی بینەران و بیسەرانیدا دەچێنی، ئەم توندئاژۆییە ڕیشە دەکوتێتە نێو بنەماڵەکان و توندوتیژی دژی ژنانی لێ شین دەبێت. ژنان ئازار و ژانی سەرچاوەگرتوو لەم توندوتیژییە بۆ منداڵەکانیان دەگوازنەوە و بەشێوەیەکی دیکە بەرهەم دێتەوە. ئەم توندوتیژییە دووجار بەرهەمهاتووە. لە کۆتاییدا بە شێوەی کوشتن یان کێشە و لادانێکی یاسایی، ئەخلاقی، عورفی یان کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێ.

# هەڵاواردن لە نێوان سیمبۆلەکانی خۆڕاگری

چەکۆ ئەحمەدی

مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتی پڕە لە بەڵگەی سەلمێنەری هەتاهەتایی بوونی بەرخۆدان بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ. لای کۆمەڵە کەسانێك کە لە ناخەوە مانای بەرزی ئازادی و سەربەستییان دەرك کردووە، دانی تێچوویی بۆ دەستەبەرکردنی ئەو خواستەی مرۆڤایەتی وەك ئەرك و پێویستی دێتە ئەژمار. تێکدەرانی پرۆسەی ڕۆیشتن بەرەو ئازادی، بۆ بەرپرچدانەوەی تێکۆشانی ئەو کەسانەی ئامادەی قوربانی بوون لەو ڕێگایەدان، لە هەموو ئامراز و کەرەستەیەك کەڵك وەردەگرن کە یەك لەوان بەندکردنە.

لانیکەم مێژووی سەد ساڵەی دوایی وڵاتێکی پڕ لە قەیران و هەڵاواردن، لەم جۆرە کردەوانە بێبەری نەبووە و تا هەنووکەش مرۆڤەکان و بەتایبەت تێکۆشەرانی ئازادیخواز دەبێ هەردەم بۆ خواستە نامرۆیییەکانی ڕێژیمێکی وەك چەند ڕێژیمی هاوچەرخی وڵاتی ئێران، ببنە قوربانی و بە دانی خوێن، تێچوویی ئەو ڕێگا پیرۆزە و لە ئاکامدا گەیشتن بە ئامانج، دابین بکەن.

لە بەندیخانەکردن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی بەرهەڵستکارانی سیاسەتی نامرۆڤانە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستپێکی تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەستی پێکرد و تا هەنووکەش هەر درێژەی هەیە. بەڕێوەبەرانی سیستمی دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەندکردن و سڕینەوە بە باشترین ئامراز بۆ بێدەنگ کردن و نەمانی چالاکیی مرۆڤەکان دەزانن و ناوە بە ناوە ئاستی توندکردنەوەی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە تا سەر ئێسقان دەڕوات و لە لەبەندکردنێکی ئاساییەوە دەگۆڕێ بە ڕەشەکوژی. لە چەند قۆناغدا شێوازێك لە پاکتاوی مرۆیی (سیاسی کاران) لە بەندیخانەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە چووە. لە

> **سەرەڕای هەموو ئەم هەڵاواردن و تەنگ و چەڵەمانەی کە بەرامبەر کورد و بەندکراوەکانی پێڕەو دەکرێ، دیسان بەرخۆدان و پێشمەرگەبوون پڕ بەپێستی واتای خۆی لە کردەوەی تاکەکانی کوردی بەندکراودا بەدی دەکرێ و شانازی بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار دەکەن**

سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران، بەندیخانە و دادگاییکردن واتای گۆڕدرا و هەموو پێوەرە سەرەتاییەکان گەر نەڵێین ون بوون، دەکرێ بڵێین بە تەواوی خرایە ژێرپێ.

لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧، ئاستی دڕندەیی و بێبەزەیی بوون گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و بەپێی هێندێ ئامار زیاتر لە پێنج هەزار کەس گیانیان لێ ئەستێندرا. لە نیوەی یەکەمی دەیەی ١٣٧٠، دیسان ئامارەکان بەرز بوونەوە و ڕێژەی سڕینەوەی دژبەرانی سیاسی (چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات) بە بەرزترین ئاست گەیشت. هەموو ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەی ئەم ڕێژیمە تەنیا مەبەستی، شارینەوەی کردەوەی دیکتاتۆرانەی خۆی و درێژکردنەوەی تەمەن و بەرەوپێشبردنی ستراتیژیی ئایدۆلۆژیی تاقمێك هەلپەرەستی بێبەزەییە لە چوارچێوەی مۆڵگەیەکی بەرتەسکی هزریدا.

لە ئایدۆلۆژیای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هەموو کردەوە ناڕەواکان لە ئەگەری کەوتنە مەترسیی دەسەڵات و حکوومەتی ئیسلامی دەگۆڕدرێ بەرەو بنەما سەرەکییەکەی ئەو ئایدۆلۆژییە، واتە "تەقییە" ڕەنگ دەداتەوە و دەکرێ تەنانەت لە "فەریزە" ئایینیەکانیش چاوپۆشی بکرێت. لەم ماوەدا کە ڕووحانی بووەتە سەرکۆماری ڕێژیم، هەوڵی داوە بە تەواوی ئەو بنەما گرینگە (تەقییە) لەبەرچاو بگرێت و بە هەموو توانایەوە بە باشترین شێواز کەڵکی لێ وەربگرێت. لە چەند ڕۆژی دواییدا و پێش لە ڕۆیشتنی بۆ کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمەڵێك بەندکراوی سیاسی ئازاد کران کە ئەگەر تەنیا چاوێکی ساکار بە سەر سیاسەتەکانی ڕابردووی ڕێژیمدا (بەتایبەت سەردەمی خاتەمی) بخشێنین، دەبینین کە ئەوەی ئێستا بینیمان و ڕێژیم کردی، کەڵکوەرگرتن لە مافی کۆمەڵێك ناڕازیی نێوخۆی ئێرانە بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتگەلێکی قەیرانخوڵقێن لە ئاستی نێونەتەوەییدا. دەبێ ئەو پرسیارە بکرێت کە ئاخۆ چ هۆکارێك دەتوانێت هێندە بەهێز بێت بۆ ئازادکردنی ئەو کۆمەڵە کەسە، جگە لە فریودانی بیروڕای گشتی و بەتایبەت کۆمەڵێك سیاسەتوانی ساویلکەی ڕۆژئاوا؟ ئاخۆ لۆژیکی نیە ئەم پرسیارەش کە گەلۆ تەنیا بە ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی ناوەند دەکرێ ڕوانگەی گشتی بەلاڕێدا ببرێت، بێنینە بەرباس یان تەنانەت لەو ئاستەشدا هەڵاواردن دەگاتە ئەوپەڕی خۆی کە تەنانەت یەك کەس لە زیندانیانی سیاسی جگە لە ناوەندگەرا و فارسەکان ئازاد نەکراون.



عەدنان حەسەنپوور، محەممەدسدیق کەبوودوەند، حەبیب لەتیفی، شێرکۆ مەعارفی، حەبیبوڵڵا گوڵپەری پوور، لوقمان و زانیار مورادی، بەختیار مێعماری و دەیان کەسی دیکەی کورد لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدان کە تەنانەت دەنگۆی ئازادکردنیشیان لە گۆڕێدا نیە. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستدان، جگە لەم هەڵاواردنە زەق و بەرچاوە، تەنانەت لەم ماوەیەی ڕابردوودا گوشارەکانی سەر بەندکراوانی سیاسیی کورد چڕتر بووەتەوە و زۆربەی هەرە زۆری مافەکانی بەندکراوان (تەنانەت بەپێی یاسای ڕێژیم) پێشێل دەکرێ. بەڵام جێی خۆشحاڵییە کە سەرەڕای هەموو ئەم هەڵاواردن و تەنگ و چەڵەمانەی کە بەرامبەر کورد و بەندکراوەکانی پێڕەو دەکرێ، دیسان بەرخۆدان و پێشمەرگەبوون پڕ بەپێستی واتای خۆی لە کردەوەی تاکەکانی کوردی بەندکراودا بەدی دەکرێ و شانازی بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار دەکەن کە دەکرێ ڕەنگدانەوەی ئەو سەربەرزی و خۆڕاگرییە لە نامە سەر ئاوەڵاکەی عەدنان حەسەنپوور بۆ ڕووحانیدا ببینرێت و بسەلمێت کە نەتەوەی کورد بە هەزار هێندە هەڵاواردنی دیکە کۆڵ نادات و تا گەیشتن بە ترۆپکی ڕزگاریی نەتەوەیی هەدا نادات.

# چۆن رووحانی یاری بە ئۆباما دەکات

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

جان بۆلتۆن، یەکێك لە سیاسەتمەدارە گەورەکانی ئەمریکا کە رەخنەگری سیاسەتی ئۆباما بەنیسبەت ئێرانە، وتارێکی لەسەر گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر بەرنامەی ناوکیی ئێران لە ژێر ناوی "چۆن رووحانی یاری بە ئۆباما دەکات" نووسیوە کە لە ماڵپەڕی "والستریت جورناڵ"دا بڵاو کراوەتەوە. لە لیدی وتارەکەدا هاتووە: "ستراتیژیی خۆنزیك کردنەوەی رووحانی بەمەبەستی کڕینی کات و رەوایی بۆ درووستکردنی بۆمبێکە".

لە سەرەتای وتارەکەدا نووسیویەتی: "دووشەممە خراپترین مانگی سەرکۆماریی ئۆباما کۆتایی پێهات. ئابڕووچوونی دیپلۆماتیك و سیاسی بەقەدەر پێویست خراپ بوو، بەڵام حەوتووی رابردوو لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەرکۆمار ئۆباما کەمپەینێکی بۆ "بەرەوپێشچوون" لەگەڵ ئێران دەست پێکرد کە مەترسیی زۆر زیاتری بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لێدەکەوێتەوە. رێك بەو جۆرەی ولادیمیر پووتین، لەسەر سووریە یارییەکی پێکرد کە گەمژانە بوو، بەڕێز ئۆباما سەرەڕای هەوڵی بەپەلەپڕووزێ کۆشکی سپی بۆ پێکهێنانی دەستلێدانەوەیەك، هەر لە دەستپێکدا لە لایەن سەرکۆماری ئێران، حەسەن رووحانییەوە رووساردی بەرامبەر نوێندرا.

لە هەینیدا، پاش وتووێژێکی کورتی تەلەفوونی ئۆباما ـ رووحانی، بەڕێز ئۆباما وتی کە "چارەسەرێکی گشتگیر" لە نێوان وڵاتەکاندا لواوە. ئەمەش جگە لە کۆبوونەوەی پێنجشەممەی وەزیرانی دەرەوە، جان کێری و موحەممەد جەواد زەریف کە کەمێك لە وێنەی بەر کامێرا زیاتر بوو."

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: "پروپاگاندا و تەبلیغات و هەواڵی ناڕاستی پچڕپچڕ لە ئامانجە راستەقینەکانی ئێران گرینگن. بەداخەوە، زۆر کەس هەنووکە بڕوایان وایە کە هەڵبژاردنی بەڕێز رووحانی زیاتر لەوەی گۆڕانێکی سیاسیی رووکەش بێت، بنەڕەتییە. بەڕێز رووحانی لە جیاتی توندبوون بەنیسبەت بەرنامەی ناوکیی ئێران و هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل، نەرمی دەنوێنێ و بە وردی لە یەکەمین حەوتووەکانی سەرەتای کارەکەیدا بۆ گۆڕینی بیرەوەرییەکانی رۆژئاوا لە هاوتاکەی پێش خۆی، مەحموودی ئەحمەدی نژاد کەڵکی وەرگرت.

سەرکۆمار رووحانی دەزانێ کە بەردەنگە رۆژئاواییەکانی دەیانەوێ چی ببیستن. ئەو وەکوو سەرۆکی وتووێژە ناوکییەکانی ئێران لە ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٥، لە هەمان یاری کەڵکی وەرگرت و بەکەڵکیش هات. ئێران بە خستنەڕووی ئەوەی بە رێگەپێدراو دەردەکەوت، کاتی بەنرخ و رەوایی بۆ داپۆشینی هەڵە زانستی و تێکنیکییەکانی لە بەرنامەی چەکی ناوکیی خۆیدا بەدەست هێنا، بەتایبەتی لە دامەزراوەکانی گۆڕینی ئۆرانیوم لە ئیسفەهان.

رووحانی لە وتار و وتاربێژییەکانیدا زۆر لە بارەی سەرکەوتنەکانی شانازی دەربڕیوە. لە ٢٠٠٦دا، گاڵتەی بە رۆژئاوا کرد، ئەویش بەم قسە کە "بە خولقاندنی کەشوهەوایەکی ئارام، توانیمان کاری ئیسفەهان تەواو بکەین". تەنانەت ئەم بێڕێزیکردنە ئاشکرایە بەقەدەر پێویست نەبووەتە هۆی شەرمی ئەمریکا و ئورووپا تا خۆیان لە فێڵێکی دیکە بپارێزن. "میانەڕۆکان"ی ئێران هەنووکە خاڵی لاوازی ئۆباما لە ئۆپۆزیسیۆنی رۆژئاواییان بە قازانجی بەرنامەی ناوکیی ئێران نیشانە گرتووە و بە شێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو کەڵکئاژۆی لێ وەردەگرن.

بەڕێز ئۆباما لە پێکناکۆکییەکی ئاشکرادا، دەچێتە نێو وتووێژگەلێکەوە کە بە شێوەیەکی جیددی بە هۆی شکستەکانی لە سووریەدا، لاواز بووە. ئەو کە هەنووکەش بە هۆی تەبلیغاتی راگەیێنی خۆیەوە نەرمی دەنوێنێ، وێدەچێ ئاگایە لەوەی کە چەندە برینێکی قووڵی هەڵگرتووە. ئەو بە شێوەیەکی متمانەبەخۆوە لەو بڕوادایە کە لە پێگەیەکی باشدایە کە رووبەڕووی ئایەتوڵڵاکان ببێتەوە، ئەمە سەرەڕای کۆمەڵێك شکستی سیاسی دەرەکییەتی."

جان بۆلتۆن لە پاراگرافەکانی دواتردا ئاماژە بە شکستەکانی سیاسەتی دەرەکی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ سووریە لە ساڵی رابردوودا دەکات. دواتر دەنووسێ: "ئێران بێگومان دەیانەوێ گەمارۆ نێونەتەوەییەکان لەسەر خۆیان لابەرن، گەمارۆگەلێك کە چەندین دەیە سیاسەتی ئابووریی نەزانانەیان خراپتر کردووە. بەڵام بەڵگەیەك نییە بۆ ئەوەی نیشان بدات کە گەمارۆکان زەبری لە بەرنامەی ناوکیی ئێران یان بەرنامەی مووشەکە بالستیکەکانی ئێران وەشاندووە. لە جیاتی ئەوە، تاران یارمەتییە ماڵی و سەربازییەکانی خۆی بۆ سووریە و حیزبوڵڵا لە سووریە زیاتر کردووە.

ستراتیژی رووحانی روونە: کەمکردنەوەی گوشارەکانی سەر پرسی ناوکی، رێگەدانێکی کاتی و رواڵەتی بە پشکێنەرەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە دامەزراوە ناوکییە هەنووکە ئاشکراکان و بەدەستهێنانی پەسندی رۆژئاوایی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆمی رێئاکتۆرە قورسەکەی. کاتێك ئەم ئامانجە بەدەست بێت، ئیدی رێگەی ئێران بەرەو چەکە ناوکییەکان ئاوەڵە دەبێت و تاران کاری خۆی دەکات".

جان بولتون لە بەشێکی دیکەدا بە وردی باسی ئەو قۆناخانە دەکات کە ئێران بەرنامەڕێژی بۆ کردووە کە بەرەبەرە گەمارۆکان لەسەری نەمێنن، ئەویش لە رێگەی هەندێ وردە هەنگاوی دڵخۆشکەرانە بۆ ئەمریکا و ئورووپا و بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی بنەڕەتی واز لە بەرنامە ناوکییەکانی بێنێ و دواتر دەنووسێ: "بەڕێز رووحانی بە تەواوی تێدەگات کە کاتێك گەمارۆکان بەرەو نەمان رۆیشتن، گەڕانەوەیان دژوار دەبێ و بە دڵنیاییەوە هەر ناکرێ". دواتر باسی ئەوە دەکات کە بەرنامەی ناوکی و بەرنامەی مووشەکیی ئێران بە نهێنی درێژەیان دەبێ.

لە کۆتاییدا دەنووسێ: "سەردەمێك تەنانەت هەملێت تێگەیشت کە "کەسێك رەنگە بزە لەسەر لێوی بێت و خراپیش بێت"، رەنگە رۆژێکیش سەرکۆمار ئۆباما لەمە تێبگات.

سەرچاوە:
Wallstreetjournal.com

## جووت حەوت

### هەوراز

وردە نەرمشی قارەمانانەی مەلا حەسەنی رووحانی کە بە "نووکە"یەك و دوو "ئەلۆ" کۆتایی پێ‌هات، لە گەڕانەوەیدا بۆ تاران بۆتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری ئەم و ئەو، بۆ نموونە، عەلادین بروجردی دەڵێ: " رووحانی بۆ پاراستنی ئابڕووی ئۆباما وەڵامی تەلەفوونەکەی داوەتەوە تاکوو لەمە زیاتر ئابڕووی ئەمریکا نەچێت" کەواتە ئابڕووی ئەمریکا بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگە و کەس بۆی نیە بڵێ "مەرگ بەر ئەمریکا" هەر کەسیش تا ئێستا شتی وای گوتبێ لە دین دەرچووە و موحاربە و موفسیدە و حەزرەتی ئیمام نەبێ، کەس هەقی نەبووە شەکری وا بشکێنێت. محەمەد عەلی جەعفەری، فەرماندەی سپای پاسداران دەڵێ:" هەڵەی تاکتیکی بووە"، رۆژنامەی کەیهان دەڵێ:" گەورەترین باجێك بووە کە رووحانی بە ئەمریکای داوە"، کازم سدیقی دەڵێ:" ئێمە دڵسۆزی مرۆڤایەتین، ئێمە دڵمان نایەت لەوە زیاتر میللەتی ئورووپا و ئەمریکا کە پێویستیان بە ئێمەیە، لە ژێر گوشار و گەمارۆکاندا بناڵێنن"، خامنەیی دەڵێ هێندێك لەو شتانەی لە نیۆیۆرك هاتنە پێش، بەجێ نەبوون" پێم وابێ مەبەستی ئەو کاتەیە کە رووحانی بە ئۆبامای وتبوو:" حسێن! ئاگات لە دەمت بێت، من نایەمە سەر سفرەیەك کە تۆ و بانکی‌مۆن ئارەق بخۆنەوە و من وەکوو "مەزەخۆر" هەر سەیری دەمتان بکەم".

لەوانە خۆشتر، قسەی شێخ جەعفەر شوجوونیە کە دەڵێ:" شکستی ئێران لەم وتووێژانەدا شەهید فرۆشی و ئیمام فرۆشییە و لە داهاتوودا ئابڕوومان دەبات".

جا بە ناشوکری خوا ناڵێم ئەو شتانەی ئێوە دەیفرۆشن، مەگەر دووکانەکەی "عەزە بزگیر" لێتان بکڕێت، ئاخۆ ئیمام بە زیندوویی سەفەرێکی دەوری دنیا گەڕاندیان وەکوو سکەی قەڵب کەس نەیکڕی و بە فرۆکەی "هیچ ئەیرلاین" دیپۆرتیان کردەوە، ئێستا دەتهەوێ ئێسك و پرووسکی بە قیمەت بگەیەنی جا فرا!؟ نیگەرانیش مەبە! ڕابردوو هیچ ئابڕوویەکی بۆ داهاتووتان نەهێشتۆتەوە کە خەرجی بکەن. زۆریش قەرزدارن، بڕۆن لە تاڵەبانێك، مافیایەك شوێنێك لە بازاری رەش بڕێك ئابڕوو قەرز بکەن، دەنا بازاڕی ئابڕووی خۆتان لە بوورسی "مۆگادیشۆ" کاولترە.

# سووریە لە نێوان شەڕی نێوخۆیی و بێ هەڵوێستیی کۆمەڵگای جیهانیدا

دارا ناتق

ماوەی دوو ساڵ و نیوە کە خەڵکی ئازادیخواز و مافویستی کۆمەڵگای سووریە لە بەرامبەر سیستمی دیکتاتۆر و دژی مرۆیی رێژیمی ئەسەددا، دەستیان بە شۆڕش و سەرهەڵدانێکی قارمانانە کردووە و لەو پێناوەدا نرخ و فیداکارییەکی زۆریان داوە و لە هیچ چەشنە بەرخۆدانێك لە پێناو گەیشتن بە خواستە رەواکانیان و رزگاربوون لە دەست زوڵم و زۆری رێژیمی بەعس درێغیان نەکردووە و تا هەنوکەش خەبات و تێکۆشانیان بۆ گەیشتن بە ئازادی بەردەوامە. بە درێژایی دەستپێکردنی ئەم سەرهەڵدانە تاکوو ئێستا زیاتر لە دووسەد هەزار کەس لە خەڵکی بێتاوانی ئەو وڵاتە کوژراون و قوربانیانی سەرەکیی ئەم جینایەتانەش ژن و منداڵی بێتاوانن کە بە شێوەگەلێکی نامرۆڤانە لەلایەن رێژیمی ئەسەد و لە ژێر رێنوێنی و مودیرییەتی فەرمیی هێزە نیزامییەکانی ئێران و گرووپە توندڕەوەکانی وەك حیزبوڵڵا و ئەلقاعیدە و...، دوای ئازاردانی جینسییان، جەستەیان پارچە پارچە دەکرێ و دەکوژرێن و تەنانەت بازرگانی بە ئەندامانی لەشیان دەکرێت. خەڵکی ئەو وڵاتە تووشی کۆمەڵکوژی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رێژیمی ئەسەدەوە بوون و رۆژانە زیاتر لە دەیان کەس دەبنە قوربانیی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە. لە لایەکی دیکەوە ئاوارەبوونی زیاتر لە چەندسەد هزار کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە کە ئێستا سەرەڕای پەنادان و پێڕاگەیشتنیان لەلایەن وڵاتانی دەوروبەرەوە، بە کەمترین پێداویستیی سەرەتایی ژیان بەسەر دەبەن.

پشتگیریی لۆجیستیکی و مەعنەویی ئێران و رووسیە و حیزبوڵڵای لوبنان لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەسەددا، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی درێژەکێشانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرانە و بە ئاکام نەگەیشتنی شۆڕشی خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتە بووە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە رێژیمی ئەسەد بە پشت بەستن بەو هێزە وەك پارێزەری بەرژەوەندییەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەدا، پەنا بۆ کۆمەڵکوژی و بەکارهێنانی چەکی کیمیای دژ بە هاوڵاتیانی خۆی ببات و لە هیچ جینایەت و کردەوەیەکی دژە مرۆیی خۆی نەپارێزێت. دوای کوژرانی دەیان کەس لە رۆژی ٣٠ی گەلاوێژ بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن ئەسەدەوە، ئامریکا لە هەڵوێستێکی توندا، هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی نیزامی دژ بە بنکە نیزامییەکانی ئەو رێژیمە کرد و خوازیاری چارەسەری قەیرانی ئەو وڵاتە بوو. بەڵام ئێران و دەوڵەتی رووسیە دژکردەوەیەکی توندیان لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی ئامریکا گرت و بۆ پاراستنی دەسەڵاتی مرۆڤکوژانەی ئەسەد کەوتنە داڕشتنی سیناریۆیەك کە لە ئاکامدا بوو بە هۆی پاشەکشەی دەوڵەتی ئامریکا لە هەڵوێستەکەی و دەرکردنی بڕیارنامەیەك بە کۆی دەنگ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ داماڵینی چەکی کیمیایی لە سووریە. بڕیارێك کە بۆ یەکەمین جار دوای دوو ساڵ و نیو لە قەیرانی سووریە و ململانێی هێزە دەرەکییەکان لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە سووریە دەر کرا و دەوڵەتی ئەسەد پێشوازیی لەو بڕیارە کرد و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریکردن لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەدا دەربڕی. بڕیارێك کە بوو بە هۆی راگرتنی هێرشی دەرەکی دژ بەو وڵاتە و نارەزایەتیی ئۆپۆزسیۆنی سووریە کە دەڵێن ئێمە ئەو هەموو قوربانی و شۆڕشەمان تەنیا لە پێناو داماڵینی چەکی کیمیایی لە سووریەدا نەکردووە.

بەگشتی هەر وەك بان کی مون سکرتێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، کۆمەڵگای جیهانی تا ئێستا نەیتوانیوە چارەسەری قەیرانی سووریە بکات و لە ئاست بەرپرسیارەتیی مێژوویی خۆیدا هەنگاو بنێت. بێدەنگ بوونی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بێ هەڵوێستیی زلهێزەکانی جیهان و بەتایبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها داکۆکی کردنی رووسیە و ئێران لە رێژیمی ئەسەد و ململانێ دەرەکی و نێوخۆییەکان، قەیرانی وڵاتی سووریەی ئاڵۆزتر کردووە و بۆتە هۆی روودانی ئەو هەموو کوشتار و ماڵوێرانییە لەو وڵاتەدا. واتە کۆمەڵگای سووریە قوربانیی بەرژەوەندی و ململانێی هێزە دەرەکییەکان و بێدەنگیی رای گشتی لە ئاست ئەو هەموو کوشتار و جینایەتەی کە لەو وڵاتەدا روو دەدات و دەستێوەردانی هێزە ناوچەیی و هەرێمییەکانی وەك ئێران و حیزبوڵڵا و شەڕی نێوخۆییە. ئەزموونی کۆبوونەوەکانی رابردوو بەتایبەت جێبەجێ نەکردنی بڕیاری کۆنفرانسی ئاشتیی ژنێڤی یەك، لە ساڵی رابردوودا کە بڕیار لەسەر راگواستنی دەسەڵات بە شێوەی ئاشتیانە و پێکهێنانی حکومەتێکی ئازاد و بنکە فراوان لە سووریەدا درابوو، دەرخەری ئەو راستییەن کە نە بڕیاری ئەم دواییانەی شوورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و نە هیچ بڕیار و پەسەندکراوێکی دیکە ناتوانێت لە چارەسەرکردنی قەیرانی سووریەدا شوێندانەر بێت و هەروەها رێژیمی ئەسەدیش هیچکات پابەند بە یاسا و پەسەندکراوەکانی نێونەتەوەیی نەبووە و نابێت. تەنیا رێگای چارەسەری قەیرانی سووریە، یەکدەنگیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەمەڕ نەهێشتنەوەی رێژیمی ئەسەد و پشتیوانی کردن لە تەڤگەری ئازادیخوازانەی خەڵکی مافویستی سووریە و دامەزراندنی سیستمێکی ئازاد و دێموکراتیك و فیدراڵ لەو وڵاتەدایە.

# پێوەندیی ئێران و ئامریکا

و: موعتەسەم نوورانی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان - ڕۆژی پێنج شەممە ٤ی ڕەزبەری ١٣٩٢ی هەتاوی، جان کری وەزیری کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و موحەممەد جەوادی زەریف، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، دوای ٣٥ ساڵ گرژی و ئاڵۆزی نێوان ئەم دوو وڵاتە، ڕاستەوخۆ پێکەوە دانیشتن. هەندێك لە چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە ئەگەرچی ئەو دیدارە بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران پێکهات، بەڵام کرانەوەی دەرگایەك دەبێ بۆ کۆتاییهێنان بە کێشە و ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

جان کری و زەریف لە ڕۆژی ڕاوێژکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێشدا بۆ ماوەی نیو ساعەت پێکەوە دانیشتن و پاش ئەو دیدارە کورتە لەگەڵ وەزیرانی کاروباری دەرەوەی بریتانیا، فەرانسە، ڕوسیە، چین و ئاڵمان کۆبوونەوە. هەموو لایەك ئاکامی کۆبوونەوەی ئەو جارەی وەزیرانی دەرەوەی ٥+١ لەگەڵ موحەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران سەبارەت بە چارەسەریی کێشەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بە باش نرخاند و بە هەڵوێستی ئەو جارەی ئێران خۆشبین بوون. تەنانەت ڕۆژی داوتر حەسەن ڕووحانی سەرۆك کۆماری ئێران و باراك ئۆباما سەرۆك کۆماری ئەمریکا بە تەلەفون پێکەوە قسەیان کرد. ڕووحانی پێی وایە دەبێ زوو کێشەی ئەتۆمی ئێران چارەسەر بکرێ و پێوەندیی نێوان ئێران و ئامریکا ئاسایی بکرێتەوە. بەڵام حەسەنی ڕووحانی لەگەڵ کۆمەڵێك گیروگرفتی ناوخۆیی و دەرەوە ڕووبەڕوویە.

سەرۆك کۆماری ئێران لە ٦٨مین کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کاتێکدا قسەی دەکرد، لە جیاتی ئەوەی ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان قسەکانی زیاتر وەك وتاردان و پەند و ئامۆژگاری دەچوون. زۆر بە کورتی باسی کێشەی سووریە و مەسەلەی ناوکیی و کێشەکانی پێوەندیدار بە ئێران کرد. بەشی زۆری قسەکانی هەر دووپاتکردنەوەی قسەکانی مەحمودی ئەحمەدی نژاد بوون بەڵام بە زمانێکی پاراوتر و زیرەکانەتر ئەویش بۆ ڕازی کردنی توندڕەوەکانی ناوخۆی ڕێژیم بوو.

لە کاتێکدا بانگەشەی دەکرد بۆ سوڵح و ئاشتی، ئازادی، دیمۆکراسی و ناتوندوتیژی و کۆتاییهێنان بە جیاوازییەکان لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدان لە جیهاندا کە ٣٥ ساڵە بۆ خۆیان کۆسپن لەسەر ڕێگای ئاشتیی جیهانی، ئازادی و دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ پێشل دەکەن و ناعەدالەتی و هەڵاواردنی ڕەگەزی، قەومی، ئایین و ئایینزایی لە دەستووری بنەڕەتی ئێراندا چەسپاوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆسپێکی دیکەی ناوخۆی هەیە ئەویش سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییە کە لە دوای شەڕی ئێران و عێراقەوە بۆتە هەمەکارە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هاتۆتە نێوجەرگەی دەسەڵات، فەرماندەکانی سوپا دەست لە کاروباری سیاسیی ئێران وەردەدەن و شادەماری ئابووریی ئەو وەڵاتەشیان بە دەستەوەیە و لە هەموو کاری ناوخۆ و دەرەوەدا دەستێوەردان دەکەن، تەنانەت زۆر جار هەڕەشە دەکەن. خامنەیی ڕێبەری ئێران ناچار بوو لە دوو هەفتەی ڕابردوودا داوایان لێ بکا کە ئەرکی سوپای پاسداران بەرگریی نەتەوەییە نەك دەستێوەردان لە سیاسەتدا.

لێرە ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، ئەرێ ئێران ئامادەیە واز لە بەرنامەی ئەتۆمی بێنێ کە میلیاردها دۆلار خەرجی لێکراوە و ئامادەیە واز لە کێشەی سوریە بێنێ و پشتی ئەسەد بەربدا؟ ئەویش کێشەیە لەسەر ڕێگای ڕووحانی چونکە ئێران لەگەڵ مەترسی گەورە ڕووبەڕوویە هەر ئەوەی خامنەیی ناوی دەنێ سازگاریی ئازایانە ئەوە هەمان قاپی ژەهرەکەی ئیمام خومەینیە کە بو جاری دووهەم و لە ناچاریدا خامنەیی دەینۆشێ.

لە لایەکی دیکە ئۆباماش لەگەڵ زۆر گیروگرفت ڕووبەڕوویە، چونکە ئەو گەمارۆ ئابوورییانەی کە بە سەر ئێراندا سەپاون، بەشێکیان ئەنجومەنی ئاسایش دایناون، بەشێکیان یەکیەتی ئورووپا دایناون، بەشێکیان کۆنگرەی ئامریکا دایناون و بەشێکیان بە دستوری ئۆباما بەڕێوە چوون. تەنیا دەتوانێ ئەوانەی کە بۆ خۆی دایناون لایانبەرێ. هەر ئێستا لە نێو کۆنگرەی ئامریکادا بەربەرەکانێ هەیە سەبارەت بە لابردنی گەمارۆکان. هەرچەشنە سازانێك لەگەڵ ئێران بێ سەرنجدان بە ئاکامەکەی لەلایەن کۆماریخوازانەوە مەحکومە. مارکۆربیو تا ئێستا زیاتر لە ١٥ سەناتۆری کۆکردۆتەوە کە پێداگرن لەسەر ئەوەی تا ئەو کاتە ئێران زۆربەی بەرنامە نا و کییە کا نی ولا نەنێ و لە ویلایەتی فەقیهەوە نەکرێ بە لیبراڵ دیمۆکراسی، نابێ گەمارۆکانی لەسەر لا بچن.

باراك ئۆباما ئەگەر فریوی زەردەخەنەی حەسەنی ڕووحانی بخوا گوێ لە زمانی چەور و نەرم و شیرینی ڕابگرێ و ڕێگا بدا کە ڕێژیمی ئێران کات بکڕێ و کات بە فیڕۆ بدا و قەول بدات کە چەکی ناوکی دروست نەکا و واز لە هەموو شەڕئەنگێزییەکانی دێنێ... بە تەواوی لە هەڵەدایە چونکە ئەو ڕێژیمە جێگای باوەڕ نییە.

www.nytimes.com




و: هیوا میرزایی

# گاندی چەکی توندوتیژی بە ئامرازی کاری ناپاکان دەزانێ.

## بە بۆنەی" ڕۆژی جیهانی خەبات دژی توندوتیژی"

ڕۆژی دووی ئۆکتۆبر بەرانبەر بە ١٠ی ڕەزبەر، ڕۆژی لە دایکبوونی" ماهاتما گاندی" و هەروەها ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی توندوتیژییە، ڕۆژێك کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بۆ ڕێزگرتن لە گاندی، داهێنەری ئیستراتژی خەبات بە بێ کەڵوەرگرتن لە توندوتیژی و ڕێبەریی بزووتنەوەی دژی توندوتیژی لە سەدەی ڕابردوو، "ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی توندوتیژی" ناوزەد کراوە.

پێشنیاری "ڕۆژی جیهانیی نەبوونی توندوتیژی" لەلایەن هێندەوە هێنرایە بەرباس و ١٩٢ وڵاتی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەو گەڵاڵەیان پەسەند کرد. کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٧، بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك ڕایگەیاند کە ئەم ڕێکخراوە خوازیارە کە هەموو نەتەوەکان، ڕێز لەم ڕۆژە بگرن.

بۆ ڕێزگرتن لە فەرهەنگی ئاشتی، لێك تێگەیشتن و نەبوونی توندوتیژی و بەپێی بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە هەمان ساڵدا دەرکرا، ئەم ڕۆژە بوو بە دەرەتانێك بۆ پەرەپێدان بە پەیامی نەبوونی توندوتیژی لە ڕێگەی فێرکاری و بەرزکردنەوەی زانیارییە گشتییەکانەوە. ئەم بڕیارنامەیە جەخت لەسەر بنەماکانی نەبوونی توندوتیژی و مەیل بۆ گەرەنتیی فەرهەنگی ئاشتی، خۆڕاگری و لێك تێگەیشتن دەکاتەوە. هەروەها ناوەزد کردنی ئەم ڕۆژە دەتوانێ پەیامی نەبوونی توندوتیژیی مهاتما گاندی بگەێنێتە کەسانێکی زۆرتر و نەتەوە و دەوڵەتەکان هان دەدا بۆ گەیشتن بە سەردەمێك کە توندوتیژی لە هیچ شوێنێك باڵادەست نەبێ.

مهاتما گاندی ڕێبەری خەباتی جەماوەریی هێند دژی دەسەڵاتداری و داگیرکاریی بریتانیا، لە پێشڕەوەکانی قوتابخانەی فیکریی و سیاسیی بەربەرەکانێ دژی دەسەڵاتداری و دیکتاتۆری، بە پشتبەستن بە هێزی خەڵك و ڕەدکردنەوەی هەمەلایەنەی توندوتیژی و شەڕ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بوو. قوتابخانەیەك کە نە تەنیا لە هێنددا بەڵکوو لە ناوچەکانی دیکەی جیهان پەرەی سەند و بەستێنی بۆ زۆریەك لە بزووتنەوە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بۆ وەدەستهێنانی مافە شارۆمەندییەکان ڕەخساند.

لە هزری گاندیدا پێوەندیی نێوان فەلسەفەی "نەبوونی توندوتیژی" و "هێزی حەقیقەت" پێوەندیەکی چڕوپڕ و جیانەکراوەیە، بەو واتایە کە دووری گرتن لە توندوتیژی بۆ گەیشتن بە ڕاستییە. گاندی لە گەڕان بە دوای بەرزبوونەوەی هزردا، تەنیا ڕێگەی گەیشتن بە ڕاستییەکان، بە خۆبواردن لە بەکارهێنانی توندوتیژی دەزانێ.

گاندی لەو بڕوایەدا بوو کە بۆ لە نێوبردنی ناپاکی و خراپەکان نابێ دەست بۆ چەکی خراپە و ناپاکی ببەین بەڵکوو بۆ بە چۆکداهێنانی دێوەزمەی خراپی و ناپاکی لە بەرانبەر مرۆڤدا دەبێ خۆمان بە چەکی مرۆڤایەتی تەیار بکەین. بێجگە لەمە سەرکەوتنەکان هەرچەند گرینگ و گەورەیش بن بایەخێکیان نیە و بەم هۆیەیشەوە بوو کە گاندی چەکی توندوتیژیی بە ئامرازی کاری ناپاکەکان دەزانی.

لە سەردەمی ئێمەدا، مانا و پێناسەی ڕاستیی شارستانییەت، تەنیا جەخت لە سەر پێشڤەچوونی مادی و تێکنۆلۆژیی کۆمەڵگا نیە، بەڵکوو پێوەری سەرەکیی شارستانییەتی کۆمەڵگایەك، ئاستی نزم بوونی توندوتیژییە لەودا، چ لە بیاڤی تاکەکەسی و چ لە بیاڤی کۆمەڵگادا.

هەروەها دەبێ لە پێناسە نوێیەکانی ژیار وشارستانییەت سەرەنج بدرێتە پێوەرگەلێکی وەك کەمکردنەوەی مەودای نێوان دەسەڵاتداران و خەڵك، پەرەپێدانی ئازادیی ڕادەربڕین و پێوەندییە دێموکراتیك و دادپەروەرەکان لە پێوەندییە ڕۆژانەکانی خەڵك و هەروەها پێوەندییە مرۆییەکان لە نێوان دایك و باوك و منداڵەکان لە پێگەی بنەماڵەدا.

کەواتە خەبات دژی فەرهەنگی کەڵکوەرگرتن لە شەڕ و توندوتیژی لە پلەی یەکەمدا، بە جێگرکردنی کولتورێك لە سەر بنەمای مافی مرۆڤ و شارۆمەندی لە ڕێگەی فێرکاریی بەردەوامی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك کاریگەرە. ڕوونە کە هاتنەدیی کردەیی ئەم بیرۆکە کە تاکەکان خۆ ببوێرن لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە پێوەندیە تایبەتی و کۆمەڵایەتییەکان، تەنیا بە قسەی ڕێبەرە کاریزماتیك و پێغەمبەرئاساکان جێ ناگرێ، بەڵکوو هاتنەدیی بەرەبەرەی ئەم شێوازە و بەبنەمابوونەوەی بەهاکانی دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی، بەستراوەتەوە بە گەشەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، زانیاریی گشتی و هەروەها پێکهێنانی دیمۆکراسی و ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.

بە پەرەسەندنی فێرکاری، بڕەودانی فەرهەنگی مافی مرۆڤ و بەرزبوونەوەی چالاکیی ڕاگەیەنە گشتییەکان، پەرەپێدان و دزەکردنی چەمکەکانی دووری لە توندوتیژی لە ژیانی خەڵك لەم سەردەمەدا قووڵبوونەوە و بەربڵاوییەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و نەتەنیا بیاڤی سیاسی بەڵکوو هەموو بیاڤەکانی ژیانی مرۆڤی گرتووەتەوە.

ئێستا ئێمە دەبینین کە بزووتنەوەگەلێکی چووکە و گەورە لە ئاستی جیهان بە ئامانجی بەرگری لە مافی ژنان یان منداڵان، بەرگری لە مافی کەمایەتییە ئیتنیکی، ئایینیەکان و... لە سەر بنەمای بەربەرەکانێ دژی هەڵاواردن و توندوتیژی بە هەموو جۆریك سەریهەڵداوە. ئەم بزووتنەوەگەلە توندوتیژیی فەرمی و بەردەوام لە یاساکان دەبەنە ژێر پرسیار یان هەموو پێوەندیەکانی لە سەر بنەمای کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژیی فیزیکی و دەروونی لە کۆی پێوەندیە مرۆییەکان دەستنیشان دەکەن. بۆیە جەوهەری بەکارهێنانی توندوتیژی وەك ڕێگاچارەیەك لە هەموو بوارەکانی ژیان چووەتە ژێر پرسیار و ئیدی ناتوانرێ بەو بانگەشەیە کە مرۆڤ ناچارە لە شەڕ بۆ بەردەوامیی ژیان ڕەوایی بە کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی بدات.

**خەبات دژی فەرهەنگی کەڵکوەرگرتن لە شەڕ و توندوتیژی لە پلەی یەکەمدا، بە جێگرکردنی کولتورێك لە سەر بنەمای مافی مرۆڤ و شارۆمەندی لە ڕێگەی فێرکاریی بەردەوامی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵك کاریگەرە**

ئەمڕۆ یادی گاندی و بیرۆکەی ئەو، بۆ جارێکی دیکە بە هەموو لایەنەکانیەوە لە بیری نەتەوەکانی جیهان بەتایبەت نەتەوە هەژار و زولملێکراوەکاندا هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە و نموونەیەکە بۆ خەباتەکانی ڕێگەی ئازادی و دیمۆکراسی.

# "مامۆستا " له‌ سیستمێکی بێ به‌رنامه‌ و داخراودا

## "به‌ بۆنه‌ی رۆژی ٥ی ئۆکتۆبر، رۆژی جیهانیی مامۆستا"

ناسر سالحی ئەسل

سالْی ١٩٩٦ له‌ راگه‌یه‌ندراوێکی هاوبه‌شدا، فدریکۆ مایۆر، سکرتێری گشتیی یونسکۆ و رێکخراوه‌ی جیهانیی ماموستایان ، رۆژی "٥ی ئۆکتۆبر"یان وه‌ك رۆژی جیهانیی مامۆستا دیاریکرد. پاش ئه‌و رێکه‌وته‌ رێکخراوی جیهانیی یونسکۆ هه‌ولْی داوه‌ که‌ له‌ رۆژی ٥ی ئۆکتۆبردا سه‌رنجی کۆمه‌ڵگای جیهانی به‌ره‌ولای کێشه‌ و گرفتی توێژی مامۆستایان راکێشێت. له‌کاتی دیاریکردنی رۆژی جیهانیی مامۆستا، له‌لایه‌ن یونسکۆوه‌، هه‌رچه‌ند وه‌زیری په‌روه‌رده‌ و فێرکاری ئه‌و کاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی له‌و کۆبوونه‌وه‌دا به‌شدار بوو، به‌ڵام رێژیم له‌ سالْی ١٣٨٣ی هه‌تاویدا به‌ فه‌رمی دانی به‌و رۆژه‌دا هێنا، به‌ڵام تا ئێستاش به‌ کرده‌وه‌ هیچ هه‌نگاوێکی کرده‌یی بۆ به‌ فه‌رمی ناساندن و پێکهێنانی رێوره‌سم و رێزگرتن له‌ مامۆستا له‌ قوتابخانه‌کاندا هه‌ڵنه‌گرتووه‌. ئه‌وه‌ له‌ کاتێکدایه‌ که‌ هه‌موو سالْێك له‌ ئاستی جیهاندا له‌ رۆژی ٥ی ئۆکتۆبر، له‌ رۆڵ و کاریگه‌ریی توێژی مامۆستا و له‌ هه‌وڵ و تێکۆشانیان بۆ پێگه‌یاندنی قوتابیان رێز ده‌گیرێ.

په‌روه‌رده‌ و بارهێنان له‌نێو هه‌ر کۆمه‌ڵگایه‌کدا وه‌ك به‌شی سه‌ره‌کی و بنه‌مایی بۆ پێشکه‌وتن و ده‌ربازبوون له‌ دواکه‌وتوویی دێته‌ ئه‌ژمار. هه‌ر نه‌ته‌وه‌ و کۆمه‌ڵگایه‌ك ئه‌گه‌ر به‌دوای پێشکه‌وتنه‌وه‌ بێت، پێویستی به‌ په‌روه‌رده‌ و بارهێنانی سالم هه‌یه‌ تا هێزی مرۆیی لێهاتوو پێك بێنێت. هه‌ر بۆیه‌ رۆڵی مامۆستایان له‌ بواری په‌روه‌رده‌ و بارهێنان گرینگییه‌کی تایبه‌تی هه‌یه‌. گرینگیی رۆڵی ئه‌م توێژه‌ وایکردووه‌ له‌ زۆربه‌ی وڵاتانی پێشکه‌وتووی جیهان ئاورێکی تایبه‌ت به‌ ژیان و پێداویستییه‌کانی مامۆستایان بدرێته‌وه‌ و له‌ هه‌موو بارێکه‌وه‌ که‌م و کوڕییه‌کانیان چاره‌سه‌ر بکرێت. به‌ڵام له‌ ئێرانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، مامۆستا نه‌ته‌نیا ئه‌و ژیانه‌ی که‌ شایه‌نیه‌تی پێی ره‌وا نابینرێت، به‌ڵکوو ته‌نانه‌ت له‌ ژیانێکی ئاسایی که‌ له‌ودا که‌مترین ئاستی پێداویستییه‌کانی دابین بکرێت، بێبه‌شه‌. له‌ ژێر ده‌سه‌ڵاتی رێژیمی ویلایه‌تی فه‌قیهدا مامۆستایان له‌گه‌ڵ گرفتی وه‌ها روبه‌ڕوو بوونه‌وه‌ که‌ نموونه‌ی له‌ جیهاندا نییه‌. بۆ نموونه‌، له‌ کتێبه‌ ده‌رسییه‌کانه‌وه‌ بگره‌ تا هه‌ڵبژاردنی مامۆستایان و به‌ڕێوبه‌ری قوتابخانه‌کان. واتا مامۆستا هیچ جۆره‌ ئیختیار و رۆڵێکی له‌ کتێبه‌ ده‌رسییه‌کان، کۆنترۆڵکردنی کلاسه‌کان و هه‌ڵبژاردنی به‌ڕێوبه‌ری قوتابخانه‌کان له‌ ده‌ستدا نییه‌. ئێستا به‌ڕێوبه‌ریی قوتابخانه‌کان به‌ شێوه‌ی "مجتمع" واتا به‌ چه‌ند قوتابخانه‌ یه‌ك به‌ڕێوبه‌ریی هه‌یه‌، به‌ڕێوه‌ ده‌چێت. ئه‌وه‌ وایکردووه‌ ئاستی زانیاری و خوێنده‌واریی مامۆستایان و قوتابیان له‌ باری چونایه‌تییه‌وه‌ زۆر بێته‌ خواره‌وه‌. له‌ راستیدا له‌ سیستمێکی به‌به‌رنامه‌ و داخراوی وه‌ك کۆماری ئیسلامی، سه‌رنجدان به‌ بواری په‌روه‌رده‌ و بارهێنان ته‌نیا بۆ پێ هه‌ڵگوتن و درێژه‌دانی ده‌سه‌ڵات بووه‌ و هیچ به‌رنامه‌ و رێوشوێنێکی گونجاو و سه‌رده‌میانه‌ی بۆ مامۆستایان و قوتابیانی نه‌بووه‌. ده‌توانین بڵێین که‌ چه‌مکی په‌روه‌رده‌ و بارهێنانی راسته‌قینه‌ بۆ ژیان له‌ سه‌ده‌ی بیست و یه‌کدا له‌ چوارچێوه‌ی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا واتای خۆی له‌ده‌ست داوه‌ و به‌رنامه‌یه‌کی تۆکمه‌ و درێژخایه‌ن بۆ په‌روه‌ده‌ له‌ ئێراندا له‌ ئارادا نییه‌. ئه‌وه‌ی ئێستا ده‌یبینین ته‌نیا به‌رنامه‌گه‌لێکی کورت ماوه‌ی بێ بایه‌خن که‌ ته‌نیا به‌فیرۆچوونی کات و سه‌رمایه‌ی وڵاته‌ و ده‌رئه‌نجامێکی ئه‌وتۆی بۆ په‌روه‌رده‌ و بارهێنانی لێناکه‌وێته‌وه‌. مامۆستایان زۆر به‌ باشی ئه‌م نێوه‌رۆکه‌ بێ بایه‌خه‌ ده‌بینین و هه‌ست پێده‌که‌ین. مامۆستایانی قوتابخانه‌کان له‌ پارێزگاکانی کوردستانی ئێران، بۆیان نییه‌ هیچ زانیارییه‌ك له‌سه‌ر زمان و ئه‌ده‌بیاتی کوردی به‌ قوتابیان بده‌ن و تا ئێستا چه‌ندین راگه‌یاندراو له‌لایه‌ن به‌رپرسانی رێژیمه‌وه‌ ده‌رچووه‌ که‌ ئه‌گه‌ر مامۆستایان له‌سه‌ر پۆله‌کانی قوتابخانه‌ به‌ کوردی بپه‌یڤن یا باسی ئه‌ده‌بیاتی کورد بکه‌ن ده‌که‌ونه‌ به‌ر سزا و لێپرسینه‌وه‌یان له‌گه‌ڵدا ده‌کرێت. هه‌روه‌ها ئه‌و مامۆستایانه‌ی که‌ خۆبه‌خشانه‌ خه‌ریکی زیندوو راگرتنی زمان و ئه‌ده‌بیاتی کوردین ساڵانه‌ له‌گه‌ڵ کێشه‌ و گرفتی ده‌رکردن، زیندان و هه‌ڵپه‌ساردنی ئیداره‌ی په‌روه‌رده‌ به‌ره‌وڕوو ده‌بنه‌وه‌. له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌ ئێستاش مامۆستایان له‌ ژێر باری گرانی و که‌مبوونی مووچه‌ی مانگانه‌دا ده‌ناڵێنن و بۆ راپه‌ڕاندنی باری گرانیی ژیانیان به‌ ناچار روو له‌ پیشه‌یه‌کی دیکه‌ش ده‌که‌ن بۆ ئه‌وه‌ی بتوانن قه‌ره‌بووی که‌موکوڕیی ژیانیان بکه‌نه‌وه‌. هه‌ر بۆیه‌ مامۆستایان قوربانیانی سه‌ره‌کیی ئابووریی شپرزه‌ی وڵاتن. به‌پێی ئاماری رێژیم، مووچه‌ و بژێوی مانگانه‌ی هه‌ر که‌سێك که‌متر له‌ یه‌ك میلیۆن تمه‌ن بێت، له‌ ژێر هێڵی هه‌ژاردیدایه‌ .ئه‌وه‌ به‌م مانایه‌یه‌ که‌ زۆربه‌ی مامۆستایان له‌ ژێر هێڵی هه‌ژاریدا ژیان تێپه‌ڕ ده‌که‌ن. مامۆستایان ئه‌و کاتانه‌ی که‌ ده‌بێ بۆ بردنه‌ سه‌ری پله‌ی زانستیی خۆیان ته‌رخان بکه‌ن، به‌ ناچاری بۆ په‌یداکردنی بژیویی ماڵ و منداڵیان داناوه‌. له‌ ئاکامدا ئه‌و مه‌سه‌له‌ کاریگه‌ریی له‌سه‌ر هاتنه‌خواری پله‌ی فێربوون و فێرکردنی داناوه‌ و داده‌نێ و به‌ زیانی قوتابیان و کۆمه‌ڵگا شکاوه‌ته‌وه‌. ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌مڕۆ له‌ وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌دا ده‌بینرێ، به‌ڕێوه‌به‌ران و پسپۆڕانی زانستی که‌وتوونه‌ته‌ په‌راوێز و هه‌لی گونجاویان پێ نادرێ، به‌ڕێوبه‌ری زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری قوتایخانه‌کان و ئیداره‌کانی په‌روه‌رده‌ و بارهێنان له‌لایه‌ن که‌سانی ناشاره‌زا و گوێ له‌ مست ئیداره‌ ده‌کرێن. به‌رپرسانی رێژیم هیچ کات نه‌یانویست گوێیان له‌ داخوازی ره‌وای مامۆستایان بێ و هه‌وڵ بده‌ن بیروڕای ئه‌م به‌شه‌ خه‌مخۆره‌ به‌ دڵفراوانی وه‌رگرن. ئێستا بزووتنه‌وه‌ی مامۆستایان پێشڕه‌وی بزووتنه‌وه‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانه‌ له‌ ئاستی ئێراندا و خه‌باتی ره‌وای خۆی به‌ شێوه‌ی ناڕه‌زایه‌تیی و مانگرتن به‌ڕێوه‌ ده‌با. ئه‌گه‌رچی بزووتنه‌وه‌ی مامۆستایان کۆمه‌ڵێك ده‌سکه‌وتی به‌رچاو و چه‌ندین رێکاری باشی بۆ چاکسازیی بواری په‌روه‌رده‌ و بارهێنانی هێنایه‌ ئاراوه‌، به‌ڵام چونکه‌ بنه‌مای ده‌سه‌ڵاتی رێژیم له‌سه‌ر پاوانخوازی بنیات نراوه‌، رێگه‌ به‌ هیچ چاکسازی له‌ بواری په‌روه‌رده‌ یان ده‌نگێکی جیاواز له‌ خۆی نه‌دات، هه‌ر بۆیه‌ بیرۆکه‌ی بزووتنه‌وه‌ی مامۆستایان بۆ چاکسازی و نوێخوازی، هه‌روا له‌ ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی په‌روه‌رده‌ به‌ قه‌تیسی ماوه‌ته‌وه‌. له‌ کۆتاییدا پیرۆزبایی خۆمان به‌ بۆنه‌ی ٥ی ئۆکتۆبر له‌ مامۆستایانی ئێران به‌گشتی و مامۆستایانی کورد به‌تایبه‌ت ده‌که‌ین.

# کرانه‌وه‌ی قوتابخانه‌کان و ده‌سپێکی دووباره‌ی ئاپارتایدی زمانی

بارام

ئێستاکه‌ ١٥ رۆژ به‌سه‌ر کرانه‌وه‌ی قوتابخانه‌کان تێده‌په‌ڕێ. به‌ پێی ئاماره‌ فه‌رمییه‌کان نزیك به‌ ملوێنێك و دوسه‌د هه‌زار منداڵ بۆ یه‌که‌مین جار چوونه‌ته‌ قوتابخانه‌. هه‌ر به‌ پێی ئه‌م ئامارانه‌ زیاتر له‌ نیوه‌ی ئه‌م منداڵانه‌، له‌ ئه‌مڕۆ به‌دوا ده‌بێ به‌ زۆره‌ملێ زمانێك فێر ببن که‌ زمانی دایکییان نییه‌ و له‌گه‌ڵ ئه‌و زمانه‌ هیچ ناسیاوییه‌کیان نییه‌.

له‌ سه‌ره‌تای وه‌رزی خوێندنی ئه‌مساڵدا، سه‌رپه‌ره‌شتی وه‌زاره‌تی ئامووزش و په‌روه‌رش وتی: له‌گه‌ڵ ١٢ ملوێن و سێسه‌د هه‌زار قوتابی و یك ملوێن و سی هه‌زار که‌س به‌ڕێوه‌به‌ر و مامۆستا ده‌چین بۆ پێشوازیی سالْی نوێی خوێندنی ٩٣-٩٢. ناوبراو ئه‌وه‌شی وت که‌ رێژه‌ی قوتابییه‌کانی پۆلی یه‌که‌مه‌کان له‌گه‌ڵ زیادبوونێکی ٣٠ له‌ سه‌دیدا گه‌یشتووه‌ته‌ ملوێنێك و سێسه‌د هه‌زار که‌س.

به‌پێی ئاماره‌ نافه‌رمییه‌کانی حه‌شیمه‌تی نه‌ته‌وه‌ غه‌یره‌ فارسه‌کانی ئێران، ده‌توانرێ به‌راوه‌رد بکرێ که‌ زیاتر له‌ دوو له‌ سێی ئه‌م قوتابییانه‌، واته‌ ئه‌و ملوێنێك و سێسه‌د هه‌زار که‌سه‌ که‌ بۆ یه‌که‌م جار چوونه‌ته‌ قوتابخانه‌، له‌ نه‌ته‌وه‌ غه‌یری فارسه‌کانن و له‌ نێو ئه‌و یازده‌ ملوێن قوتابییه‌ی دیکه‌شدا وه‌ها دۆخێك هه‌یه‌ و ئه‌وان ناچار کراون که‌ به‌ زمانێ جگه‌ له‌زمانی دایکیی خۆیان په‌روه‌رده‌ ببن.

ئه‌م ناچاربوون و زۆره‌ملییه‌ له‌ کاتێکدایه‌ که‌ به‌ پێی روانگه‌ی پسپۆڕان، منداڵان له‌ ٥ سالْی سه‌ره‌تای ژیانیاندا ٨٠ له‌ سه‌دی ئه‌و زانیارییانه‌ی که‌ له‌ ته‌واوی ژیانیاندا ده‌بێ فێر بن، له‌ بنه‌ماڵه‌که‌یانه‌وه‌ وه‌ریده‌گرن. ئه‌و منداڵانه‌ی که‌ ناچار ده‌کرێن به‌ زمانێ جگه‌ له‌ زمانی دایکیی خۆیان له‌ قوتابخانه‌ بخوێنن، له‌ داهاتوودا له‌گه‌ڵ گیر و گرفت و کێشه‌ی زۆر له‌ ژیانیاندا به‌روڕوو ده‌بنه‌وه‌. له‌م گیر وگرفتانه‌ ده‌توانین هێما بکه‌ین بۆ، کێشه‌ عه‌سه‌بییه‌کانی مێشك و کێشه‌ی شوناسیی نه‌ته‌وه‌یی. به‌ شێوه‌یه‌ك که‌ ئه‌م دوو زمانییه‌ خه‌سارێکی قه‌ره‌بوونه‌کراو ده‌گه‌یه‌نێته‌ سیستمی عه‌سه‌بیی منداڵان و تووشی جۆرێك له‌ دارمانی که‌سایه‌تییان ده‌کات.

ئاپارتایدی زمانی و سیاسی و فه‌رهه‌نگی زاڵ به‌سه‌ر کۆمه‌ڵگای ئێراندا کارێکی وایکردووه‌ که‌ قوتابیانی غه‌یری فارس زمان، هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای قۆناغه‌کانی خوێندنه‌وه‌ له‌گه‌ڵ گه‌وره‌ترین کێشه‌ به‌روڕوو بن، واته‌ کێشه‌ ناسنامه‌ و شوناسی نه‌ته‌وه‌یی خۆیان. ئه‌و کێشه‌ی که‌ وایان لێ ده‌کات له‌گه‌ڵ وانه‌کانیان نامۆ بن و به‌ له‌به‌رچاو گرتنی ئه‌و واقیعه‌ی که‌ له‌ داڕشتنی وانه‌ ده‌رسییه‌کانیاندا هیچ بایه‌خێك به‌ فه‌رهه‌نگ و شوناسیان نه‌دراوه‌، له‌ خوێندن خه‌مسارد بن و به‌ زۆره‌ملێ و به‌ زه‌بری دایك و باوك و بنه‌ماڵه‌کانیان و ته‌نیا بۆوه‌رگرتنی مه‌دره‌ك درێژه‌ به‌ خوێندن بده‌ن. ئه‌مه‌ ته‌نیا به‌شێکی چووکه‌یه‌ له‌و خه‌سارانه‌ی که‌ منداڵانی نه‌ته‌وه‌کانی ئێران وه‌ك کورد، ئازه‌ری، به‌لووچ، عه‌ره‌ب و تورکه‌مه‌ن و ته‌نانه‌ت گیله‌کییه‌کانیش، له‌ داهاتوودا ده‌بێ له‌گه‌ڵی ده‌ست و په‌نجه‌ نه‌رم بکه‌ن. ئه‌مانه‌ سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئه‌م منداڵانه‌ و یان لاوه‌کانی داهاتوو به‌ هۆی بوونی له‌هجه‌ و هه‌ندێ پرسی دیکه‌ له‌ بازاڕی کاردا تووشی هه‌ڵاواردن ده‌بن.

> ئه‌و منداڵانه‌ی که‌ ناچار ده‌کرێن به‌ زمانێ جگه‌ له‌ زمانی دایکیی خۆیان له‌ قوتابخانه‌ بخوێنن، له‌ داهاتوودا له‌گه‌ڵ گیر و گرفت و کێشه‌ی زۆر له‌ ژیانیاندا به‌روڕوو ده‌بنه‌وه‌

داسه‌پاندنی ئه‌م بارودۆخه‌ له‌ کاتێکدایه‌ که‌ کونوانسیۆنه‌ نێونه‌ته‌وه‌ییه‌کانی مافه‌کانی ئابووری، کۆمه‌ڵایه‌تی و فه‌رهه‌نگی له‌ سالْی ١٩٩٦دا له‌ رێکخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌کگرتووه‌کان به‌ په‌سه‌ند گه‌یشتووه‌. وڵاتانی که‌م ئه‌م کونوانسیۆنه‌یان واژۆ کردووه‌ ده‌بێ پابه‌ند بن به‌ خاڵه‌کانی ئه‌م رێککه‌وتننامه‌ و هه‌موو ده‌ره‌تان و ده‌رفه‌ته‌کان به‌ شێوه‌یه‌کی به‌رابه‌ر بۆ خه‌ڵکانی وڵاته‌که‌یان به‌ دوور له‌ هه‌ر ره‌گه‌زپه‌ره‌ستییه‌کی نه‌ته‌وه‌یی و ئایینی، دابین بکه‌ن. هه‌رچه‌ند کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش یه‌کێك له‌و وڵاتانه‌یه‌ که‌ ئه‌م کونوانسیۆنانه‌ی واژۆ کردوو به‌ڵام له‌ کرده‌وه‌دا، هیچ هه‌نگاوێکی بۆ جێبه‌جێکردنیان هه‌ڵ نه‌گرتووه‌ و له‌سه‌ر هه‌مان رێبازیی هه‌میشه‌یی خۆی واته‌، ئاپارتاید و هه‌ڵاواردن پێداگری کردووه‌ته‌وه‌.

ئه‌مه‌ش وای کردووه‌ که‌ سیستمی په‌روه‌رده‌ و فێرکاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران نه‌ ته‌نیا هیچ قازانج و ده‌سکه‌وتێکی بۆ نه‌ته‌وه‌ بنده‌سته‌کانی ئێران نه‌بووه‌، به‌ڵکوو به‌ پێچه‌وانه‌ بووه‌ته‌ هۆکارێکی بنه‌ڕه‌تی بۆ سڕینه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگی و زمانیی و شوناسی نه‌ته‌وه‌کانی ئێران.

لێره‌دا وێڕای پیرۆزبایی کردن به‌ بۆنه‌ی کرانه‌وه‌ی قوتابخانه‌کان و ده‌سپێکی وه‌رزی نوێی خوێندن، له‌ قوتابیان و به‌تایبه‌تی ئه‌و قوتابییانه‌ی که‌ بۆ یه‌که‌مین جار چوونه‌ته‌ قوتابخانه‌، هیوادارین بنه‌ماڵه‌ ئازیزه‌کان وبه‌ تایبه‌تی مامۆستا دڵسۆزه‌کان له‌هه‌مبه‌ر ئه‌م زۆڵمه‌ سیستماتیکه‌ی کاربه‌ده‌ستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێده‌نگ و بێ کرده‌وه‌ نه‌بن و زیاتر له‌ هه‌ر قۆناغێکی دیکه‌ به‌ په‌رۆشی په‌روه‌رده‌ وبارهێنانی منداڵه‌کان بن و به‌ هه‌ر شێوه‌یه‌ك بۆیان ده‌لوێ، له‌ رێگای جۆرواجۆره‌وه‌ منداڵانی کورد له‌گه‌ڵ شوناسی نه‌ته‌وه‌یی وبه‌ تایبه‌تی زمانی خۆیان له‌ خوێندنگاکاندا ئاشنا بکه‌ن و رێگه‌ نه‌ده‌ن سیاسه‌ته‌ ره‌گه‌زپه‌رستانه‌کانی کۆماری ئیسلامیی ئێران منداڵانی کورد له‌ شوناس و ناسنامه‌ی نه‌ته‌وه‌یی و فه‌رهه‌نگی خۆیان دوور بخاته‌وه‌.

بۆ هاوکاریی زیاتری هێزه‌ دێموکرات و پێشکه‌وتووه‌کانی ئێران تێبکۆشین

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 614 ■ 7 Oct 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

زایەڵە

فاتیح ساڵحی

## هەموو وادەکانی سەرکۆمار (ماددەی ١)

حەسەن رووحانی حەوتەمین سەرکۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك هەموو سەرکۆمارەکانی پێش خۆی، پێش ئەوەیکە بگەیەتە دەسەڵات لە کۆڕ و کۆمەڵە تەبلیغییەکانی خۆیدا لە هەموو بوارەکاندا کۆمەڵێ وادە و بەڵێنی دابوو بەو کەسانەی کە دەنگیان پێدا. لەم نێوانەشدا لە راگەیەندراوێکی ١٠ ماددەییدا بەڵێنی دا بە نەتەوەکانی ئێران و کەمایەتییە ئایینییەکان تا بە کەڵکوەرگرتن لەم هەلە مێژووییە واتە"راگەیەندراوی ١٠ ماددەیی"، دەرفەتێ برەخسێ تا بەشێك لە ویست و داخوازییەکانی نەتەوەکان لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیدا بێتە دی و بە وتەی خۆیان چیدیکە نەتەوەکانی ئێران وەك شارۆمەندانی پلە دوو و سێ سەیر نەکرێن.

ماددەی ١: رێکخستنی یاسای پێویست بۆ بەڕێوەبردنی تەواوی یاسای بنەڕەتی بە تایبەتی ئەسڵەکانی ٢٢،١٩،١٥،١٢،٣ و... لە دەوڵەتی چارەئەندێشی و ئومیددا بە مەبەستی لابردنی هەڵاواردن.

بەم پێیە دەبوا دەوڵەتی رۆحانی پێش لە دانی وەها بەڵێنییەك، بەستێنەکانی بەڕێوەبردنی ئەم ئەسڵانەی لە بیرۆکەی کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئامادە کردبایەت، چونکوو بە دڵنیاییەوە یەکێ لە چەکەکانی بەکارهاتوو دژ بە نەتەوەکانی ئێران، پێشگرتن بە گەشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ئەوان و رێگەپێنەدانیانە لە بەشداریی سیاسی لە ئاستی بەڕێوەبەری وڵات و هەروەها پاوانخوازی و دەستگرتن بەسەر هەموو سروەت و سامانەکانی وڵاتدا لە زمانی دایکییەوە هەتا کانگا و کانزاکانی وڵات لە هەر کون و قوژبنێکدا کە بن. هەر بۆیە ئەستەمە بەو عەقلیەتەی کە ئایینی فەرمی وڵاتی پێناسە کردووە، نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان بتوانن ئازادانە پەرە بە فەرهەنگ و داب و نەریت خۆیان بدەن و بتوانن دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ناوچەکانی خۆیان بە دەستەوە بگرن.

جگە لەمەش تا رادەیەك دوور لە باوەڕە کە کاربەدەستانی رێژیم رێگە بدەن لەو ناوچانەی کە نەتەوەکان تێیدا دەژین بە زمانی دایکی خۆیان دەرس بخوێنن. ئەڵبەت لێرەدا پێویستە کە روونی بکەینەوە خوێندنی زمانی دایکی لەگەڵ خوێندن بە زمانی دایکی جیاوازییان هەیە و وێناچێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و حەسەن رووحانی مەبەستی خوێندن بە زمانی دایکی بووبێ. لانیکەم لە ساڵی یەکەمی دەسەڵاتداری رووحانیدا بۆمان دەرکەوت کە هێشتا وەها پرۆگرامێکی بۆ نەتەوەکانی ئێران بوونی نییە.

ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بەڵێنی دابوو لە توانا و زەرفییەتی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان لەئاستی بەڕێوەبەری وڵاتدا کەڵك وەرگیرێ و ئێستاکە بە هەڵبژاردنی عەلی یوونسی وەزیری پێشووی ئیتلاعات لە سەردەمی خاتەمیدا، وەك جێگری کاروباری ئەقوام، دیسان وێناچێ ئەم وادەی رووحانیش بەم زووانە بچێتە خانەی جێبەجێ کردنەوە.

# مۆبایلی زیرەک و ئامێرە تابلۆییەکان هەڕەشە لەسەر تیڤی دروست دەکەن




رووکردنی فراوانی خەڵك بۆ مۆبایلی زیرەك و ئامێری تابلۆیی سەرئێشەیەکی گەورەی بۆ تیڤییەکان دروستکردووە.

لە کانادا خەڵك ماوەیەکی زۆر بەدیار مۆبایلەکانیانەوە بەسەر دەبەن و ماڵپەڕی نتفلیکس کە تایبەت بە دیتنی فیلمە لەسەر داخوازی بەکارهێنەر، هێندەی دیکە خەڵکی لە تەلەڤزیۆن تۆراندووە.

راپۆرتی ساڵانەی دەستەی پەخشی تیڤی و رادیۆی کانادا دەڵێ: لە هەر چوار کانادایی دوانیان مۆبایلی زیرەکیان پێیە و بەو ئامێرەوە پەیوەستن.

راپۆرتەکە دەڵێ: ئەوانەی ئینگلیزی دەزانن، نزیکەی ٢٠ کاتژمێر بەدیار ئینتەرنێتەوە لە ماوەی ساڵی رابردوودا ماونەتەوە و ئەوە بۆ کەسانی فەرەنسایی زمان ١٣ سەعات بووە.

٧٩ لەسەدی خێزانە کانادایەکان کە ژمارەیان ١٣,٩ ملیۆن خێزانە، ئینتەرنێتیان هەیە و ١٢ ملیۆن کەسیش هاوکات خزمەتگوزارییەکانی تەلەڤزیۆن بەکاردەهێنن.

# پلانی نوێ بەرەو بۆشایی ئاسمان



دکتۆر پۆل ئەلینی سەرمایەداری ئەمەریکایی بەناوبانگ و یەك لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، ئاشکرای کرد: پلانی هەیە بۆ ئەوەی مووشەك بەبێ فڕۆکەوان رەوانەی بۆشایی ئاسمان بکات کە مووشەکەکان دەتوانن مرۆڤ و کەلوپەلی تریش بگەیەننە بنکەی ئاسمانی.

ئەلین، هەوڵ دەدات پەرە بە فڕۆکەیەکی زەبەلاح بدات بۆ گواستنەوەی کەشتییە ئاسمانییەکان بۆ خولگەی تایبەت بەخۆیان لە بری ئەوەی لە شوێنی هەڵدانی مووشەکەکانەوە بەڕێ بکرێن.

دوای ئەوەی ئاژانسی ناسای ئامریکایی کۆتایی بە بەرنامەی گەشتی ئاسمانیی خۆی هێنا کە ماوەی ٣٠ ساڵی خایاند، ئەو سەرمایەدارە ئامریکاییە لە بواری گەشتە ئاسمانییەکاندا دەستی بە وەبەرهێنانێکی گەورە کردووە.

کۆمپانیای ڤیرجین گلاکتیك کار لەسەر بەرنامەیەکی بازرگانی دەکات کە ئامانجیەتی لەساڵی ٢٠١٣ گەشتەوەران بباتە بۆشایی ئاسمان.

ئەمە نوێترین پرۆژەیە کە کۆمپانیای سیلیکۆن فالی ئەنجامی دەدات کە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی هەڵپەساردنی گەشتەکانی ئاژانسی ناسا دروستی کردووە.

کۆمپانیاکە دەیەوێ مووشەکی بێ فڕۆکەوان لە رێگەی فڕۆکەی زەبەلاحەوە کە توانای فڕینی لە بەرزایی زۆردا هەیە، رەوانەی ئاسمان بکات.

سەرپەرشتیارانی پرۆژەکە دەڵێن فڕۆکەکانیان توانای گواستنەوەی کەلوپەلی بۆ بنکەی ئاسمانیی نێودەوڵەتی دەبێت.

# گەرما گیانلەبەرانیشی بێزار کردووە



توێژینەوەیەك ئاشکرای کردووە کە باڵندە و پەپوولەی ئەورووپی بە کۆچکردن بۆ باکووری ئوروپا خۆی لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمادا دەگونجێنێت، بەڵام کۆچکردنەکەی خێرا نییە و دەکرێ بەر لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما بگیرێت بەرلەوەی ئەو زیندەوەرانە بە یەکجاری کۆچ بکەن.

توێژینەوەیەکی هاوشێوە کە گۆڤاری نایتچەر کلایمت چاینگی بەریتانی بڵاوی کردووەتەوە دووپاتی دەکاتەوە کە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی کاریگەریی بەرچاوی لەسەر رووەك هەیە بە تایبەت ئەو جۆرانەی لە بەرازییەکانی کیشوەری ئوروپادا دەژین.

توێژینەوەکە کە ڤینسان دۆڤکتۆری زانای زیندەوەرزانی لە سەنتەری مۆنپلێی فەرەنسی ئامادەی کردووە دەڵێ: نێونجیی پلەی گەرما لە ئوروپا لە ٢٠ ساڵی رابردوودا لە ماوەی نێوان ١٩٩٠-٢٠٠٨ پلەیەك زیادی کردووە.

لەو رووەوە کە سیستمی خۆراکی ئاژەڵ و چۆنیەتیی تایبەتمەندیی کۆچکردنیان لە ژینگەکانیان کاریگەری لە بوونی ئاو و دۆخی کەش وەردەگرێت، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما کاریگەرییەکی زۆر لەسەر جۆرەکانی گیانلەبەران دادەنێت.

لە هەوڵێکدا بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی نوێدا پەپوولەکان و باڵندەکان بەرەو باکوری ئەورووپا کۆچیان کردووە.

لە بڵاوکراوەی مۆزەخانەی نیشتمانی بۆ مێژووی سرووشت هاتووە کە ئەو گۆڕانە مێژووییە روونی دەکاتەوە کە چۆن گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا سەرلەنوێ نەخشەی ژیانی باڵندە و زیندەوەرەکان بە شێوەیەکی نوێ و بە خێرایی دادەڕێژێتەوە.

توێژینەوەکە دەڵێ گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەریی لەسەر ٩٤٩٠ کۆمەڵە باڵندە و ٢١٣٠ جۆری پەپوولەکان داناوە و ناچاری کردوون لە دەوڵەتانی وەك فەرانسە، بریتانیا، ئیسپانیا، هۆلەند، سوئێد، فینلاند و چێك بەرەو باکوری ئەورووپا کۆچ بکەن.